# ڕۆڵی سیاسی ژن

نووسینی

د. عەبدوڵڵا هەدییە

وەرگێڕانی

جاسم محەمەد

سلێمانی..................................................

2006



﴿ ڕۆڵی سیاسی ژن ﴾

نووسینی: د. عەبدوڵڵا هەدییە

وەرگێڕانی: جاسم محەمەد

هەڵەبڕ ... ئەتاح

دیزاین: ئاراس حەسەن

چاپ: چاپخانەی بینایی

تیراژ: 500

پرۆژەی بەچاپگەیاندنی (30) کتێب

ژمارە( 3 )

چاپی یەکەم

ئەدرەسی ئەلەکترۆنی:
Webmaster@Genderkurd.org
genderkurd@yahoo.com
genderkurd@hotmail.com

وێبسایت
www.genderkurd.org
www.gendar.org

ئەدرەس: کوردستان– سلێمانی– ئاشتی
Normal: 3141573
Asia cel: 07703522200
Sana tel: 07301165122

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر

| لاپەرە | بابەت |
|---|---|


پێشەکی وەرگێڕ ........ 5
(مافو بەشداری سیاسی ژن) ........ 9
بەشی یەکەم/ (مافە گشتییەکانی ژنان) ........ 13
پاساوەکانی بەرهەڵستکاران بۆ مافە سیاسییەکانی ژنان ........ 16
پاساوەکانی پشتگیریکاران بۆ مافە سیاسییەکانی ژنان: ........ 17
شەریعەتی ئیسلام لەنێوان حەرامکردنو پشتگیریدا ........ 21
یەکەم/ ئیسلام ژنان لەمافە سیاسییەکان بێبەشدەکات ........ 21
بەڵگەی قورئان ........ 21
بڕیاردان لەسەر مانەوەی ژنان لەماڵەوەدا: ........ 23
بەڵگەی سوننەت (فەرمودە) ........ 24
بەڵگەی کۆڕای زانایان (الاجماع) ........ 26
بەڵگەی بەرژەوەندی ........ 27
دووەم/ ئەو رایەی پشتگیری لەپێدانی مافە سیاسییەکانی ژنان دەکات.. 28
ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت مافە سیاسییەکانی ژنان کێشەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییە ........ 35
بەدوادا چوون ........ 37
چوارچێوەی دەستوریو مافە سیاسییەکانی ژنان ........ 42
ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو مافە سیاسییەکانی ژنان.. 46
بەشی دووەم/ بەشداری سیاسی ........ 53
بەشداری سیاسی ژنان ........ 56





بەشداری سیاسی راستەوخۆی ژنی میسری ........ 61

کاریگەری بەشداری سیاسی ژنان ........ 71
ڕێگرییەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ........ 73
ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی بەشداری سیاسی ژنان ........ 83
(کۆبەند) ........ 86

## پێشەکی وەرگێڕ:

**مەسەلەی مافە شتیو مافەکانی**

**بەشداریکردنی ژنان لەبوارە سیاسییەکاندا، لەپاش ڕاپەڕینی (1991)و فەراهەمبوونی ڕووبەرێکی گونجاوو باش لەئازادییە سیاسییەکان لەلایەکو ئازادی ژنان لەزۆر بواردا لەلایەکی تر، یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لەسەر ئاستی جیاوازو لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان بەهەموو ڕەنگو جۆرەکانییەوە لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەکانەوە باسو گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوەو دەکرێت. تاکو کار گەیشتە ئەوەی لەکابینەکانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێرو سلێمانی) بەبەردەوامی خانمان ئامادەییان هەبێتو پۆستی وەزارییان وەرگرتووە. لەکورسییەکانی پەرلەمانیشدا چ لەپەرلەمانی کوردستان بێت یان لەپەرلەمانی عێراق، لەلایەن حزبەکانەوە خانمان پاڵێوراونو بۆ کورسییەکانی ئەو دوو پەرلەمانە. هەروەها سەبارەت بەئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنی شارەوانییەکان.**

**واتە لەسەر ئاستی دەسەڵاتە باڵاکانی حکومەتو پەرلەمان، کەم تا زۆر ژنان بوونو ئامادەییان هەبووە، لەسەر ئاستی دامودەزگاکانیش، دەبینین ژنان لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیو دەزگاکان، تاکو دەگاتە**





**خوێندنگەو زانکۆکانو تەنانەت لەدەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو (بەرگری)شدا ئامادەییو سەنگی خۆیان هەیە.**

**ڕیزبەندکردنی هەموو ئەو دەستکەوتو بەشدارییانەی ژنانی کوردستان، مانای ئەوە نییە کەهەموو مافەکانیان دەستەبەر بووە.....نەخێر..!**

**لەگەڵ ئەو بەشدارییە (مەعقولە)ی ژنان لەکایەکانی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنو خزمەتکردندا....لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بۆشاییەکی گەورە بەدیدەکرێت لەبواری مافەکانی ژنان بەگشتیو مافی سیاسی...لەگەڵ ئەوەی ژن ئەندامی پەرلەمانو وەزیرە، بەڵام هێشتا ڕۆژانە ژنان بەشێوەی جیاجیاو بەبیانوی جیاجیاوە دەچەوسێنرێنەوە، تاکو زۆرجار کار دەگاتە کوشتنی ڕاستەوخۆی ژنان بەبیانوی پاراستنی شەرەف ... هەروەها بێبەشکردنی هەزاران کچ لەخوێندن بەبیانووی (مێینە)بوونیان ... تا دەگاتە گەورە بەبچووکو بەزۆر بەشوودانو بەزۆر تەڵاقدانو مافی ئازادی جەستەییو لەباربردنو منداڵبوون....تد، ئەم سەرپێچیو تاوانانە بەپلەی یەکەم لەدێهاتەکاندا ڕوودەدەنو بەپلەی دووەمیش لەناحیەو قەزاو پەراوێزی شارە گەورەکان. بەکورتییەکەی ئەگەرچی ژن وەزیرە، بەڵام ڕۆژانە ژن (دەکوژرێ) لەبەرئەوەی ژنە!!**

**لەئەزموونی (15) پانزە ساڵەی دەسەڵاتی کورددا، هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نەبووە لەبەردەم ژناندا بۆ دەنگدانو خۆکاندیدکردن لەهەموو**

.................................................................... و: جاسم محەمەد ............

ئەو هەڵبژاردنانەی کەئەنجامدراون. بەڵام بۆچی ژنان نەیانتوانیوە ئەو بنکە جەماوەرییە فراوانە دروست بکەن، بەشێوەیەك کەحزبە دەسەڵاتدارەکان ناچاربکەن شانبەشانی ئەندامانی (پیاو) لەدەسەڵاتە باڵاکانی حزبو پاشان پەرلەمانو حکومەتدا، بەشێوەیەك ئەندامانی ژن کاندید بکەن، کەلانیکەم ( 40٪) تاکو ( 50٪)ی ئەو پۆستە باڵایانە لەژنان بن. لەو رێگەیەشەوە بتوانن، ئەو رێساو یاسایانەی کەجیاکاری دژ بەژنان تێدایە، بیگۆڕنو هەمواری بکەنو لەئەنجامدا رەوشی کۆمەڵایەتیو سیاسی مێینە زیاتر بەرەو پێشەوە ببەن، بێگومان ئەوکات کۆمەڵ لەتواناکانی نیوەی کۆمەڵ بێبەش نابێت.

تەسلیم بوونی ئیرادەی ژنان بەپیاوان لەکوردستاندا، بەرێکخراوەکانی ژنانو بەرێکخستنەکانیانەوە لەریزی حزبەکاندا، گەیشتووەتە رادەیەك کە لەگەڵ ئەوەی نیوەی دەنگەکانی ئەو پۆستانە (پەرلەمانو ئەنجومەنەکان)و دەسەڵاتی حزبەکان، لەلایەن ژنانەوە دابین دەکرێت، سەرکردایەتی حزبەکان بەڕەوای نابینن (10٪)ی پۆستە باڵاکان بۆ ژنان بن. هەموارکردنی ئەو واقعەی لەسەرەوە باسمان کرد پێویستە لەلایەن بزافەکانی ژنانەوە هەڵوەستەی جدی لەسەربکرێ.

ئەگەرچی هۆکارگەلێك هەن کەرێگرن لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەکان مژدەبەخشن بۆ ئەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی مێینە لەئایندەدا بەرەو باشتر بڕوات... بەتایبەت





ئەگەر حوکمڕانی دەوڵەت لەرێگەی دامو دەزگاکانەوە بێت (حکم المؤسسات)و یاسا باڵادەست بێت ... بێگومان ئەوکات ژنان دەتوانن لەرێگەی خەباتی مەدەنیانەوە، سووربن لەسەر داواکاریو مافەکانی خۆیان، زۆرترین ماف بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەم وەرگێڕانەی بەردەستتان خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کورتو پوختە بۆ ئەو هۆکارانەی دەبنە رێگر لەبەردەم هاوبەشیکردنی ژنان لەبواری سیاسیدا، هەروەها بۆ چەمکی بەشداریکردنو بەشداریکردنی سیاسی.

نامەوێت بەشانو باڵی نووسینەکەدا هەڵبدەم، بەڵام دڵنیام سوودمەندە بۆ تێگەیشتن لەمەسەلەی دووره پەرێزی ژنانو ئامادەنەبوونیان بۆ وەرگرتن یان بەدەستنەهێنانی پۆستە باڵاکان.

جاسم محەمەد

2006/7/4

**(مافو بەشداری سیاسی ژن)**

**ئەگەرچی ژنی میسری نزیکەی نیو سەدەیە یان تۆزێك کەمترە مافە سیاسییەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە هەتا ئێستاو بەم دواییانەش گرنگی زۆری پێدەدرێت، ئەمەش لەبەر سەرهەڵدانی چەندین کەرتی گەورە، کەرۆژ لەدوای رۆژ دەسەڵاتیان لەزیادبووندایەو هەوڵدەدەن بەرەو دواوە بمانگێڕنەوە، نەك هەر تەنیا لەبارەی مافە سیاسییەکانی ژنانەوە، واتا نکوڵیکردن لەم مافانە، بەڵکو دژ بەژنان بەگشتیو ژن وەکو بوونەوەرێك دەچێتە چوارچێوەی (شتە تابووەکانەوە)و دەبێ لێی نزیك نەبینەوەو لەچوار دیواریماڵو لەشورای ژورەکاندا زیندانی بکرێ. هەموو ئەم بیرۆکانە لەژێر پاساوو قسەی جۆراوجۆردا، بانگەشەی بۆ دەکرێو بڵاودەکرێتەوە کە لەچوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی ئاینی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو سیاسیدا خۆی دەنوێنێ.**

**پێشتر وادەزانرا کەمافەکانی ژن بەگشتیو مافە سیاسییەکان بەتایبەتی، بووەتە مەسەلەیەکی ئاساییو رێچکەی خۆی وەرگرتووە، بەڵام کۆمەڵگەی میسری لەرێڕەوی پێشکەوتندا، چەند گیروگرفتێك یەخەی پێدەگرێت، بەکردەوەی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەناوخۆو دەرەوەو کاریگەرییەکی زۆر**

............................................................. و: جاسم محەمەد ............

دەکرێتە سەر رەورەوەی پێشکەوتنیو دەیگەڕێننەوە بۆ دواکەوتنو کوێرەوەری.

تاکو ئێستا شەڕەکان بەرپایەو مشتومڕە جەدەلییەکان بەردەوامەو دەنگی شمشێرەکان دەبیستریٚ .... دەمێك شەڕەکان هێور دەبنەوەو دەمێکی تر دەستپێدەکەنەوە، وەك ئەوەی کۆمەڵگەی میسری بۆی نوسرابیٚ، کە لەم گێژاوەدا بخولێتەوەو بەجێی نەهێڵێت، لەکاتێکدا چەندین وڵات بەچەند قۆناغێك لەدوای ئەوەوە بوون، کەچی لەپەیژەکانی پێشکەتنو بەرەوپێشچووندا بەزاندیانو پێشیکەوتن.

ئەگەر میسر بەشێك بێت لەجیهانی عەرەبو ئیسلامو لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئەوروپادا دەریای ناوەڕاست کۆیان بکاتەوە، ئەم مەسەلەیە واپێویست دەکات ئاماژە بۆ باری ژیان لەو وڵاتانەدا بکەین. بەچاو پیاخشاندنێکی خێرا دەبینین مافە سیاسییەکانی ژنان لەوڵاتانی وەکو ئیتالیاو فەرەنسا جێگیر بووە، ئەگەرچی بەئاسانی دەستەبەریان نەکردووە، چونکە کلێسای کاسۆلیکی (بەگشتی) ماوەیەکی دورودرێژ بەرهەڵستی ئەو مافانەی دەکرد، تاوەکو ئێستاش ژنان لەو وڵاتانەدا خەبات دەکەن بۆ ئەوەی مافی زۆرترو زیاتر بەدەستبهێنن، وەکو یەکسانی لەوەرگرتنی کرێو مافیان لەجەستەیاندا، واتە مافی سکپڕیو منداڵبوونو





لەباربردن... بەڵام زۆربەی وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکان تاوەکو ئێستا دان بەکەمترین مافەکانی ژناندا نانێن، جا مافە گشتییەکان بێت یان مافە سیاسییەکان. پێویستە ژنان لەم وڵاتەدا رێڕەوو قۆناغێکی دووروو درێژ ببڕنو خەباتێکی زۆرو بێوچان بکەن ، تاوەکو مافەکانیان بەگشتی بەدەست بێنن، بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی ئەو خۆشگوزەرانییەی تێیدا دەژین.

ناتوانین باس لەبەشداریکردنی سیاسی ژنان بکەین، بیٚ ئەوەی ئەو مافە سیاسییانە دەستەبەر نەکرێتو سەقام گیرنەبێتو کەس بەربەرەکانی نەکات. لەم باسەدا مافە سیاسییەکانی ژنان، تێکەڵ بەبەشداریکردنی کارو باری سیاسی کۆمەڵ دەبێت، ئەم دوانە بەشێوەیەك تێکئاڵاون کەجیاکردنەوەیان مەحاڵەو، پەیوەندییەکی توندو تۆڵو بەیەکەوە بەستراویان هەیە، وەکو پەیوەندی رەچەڵەك بەلقەکانیەوە بەڕادەیەك دەبێتە یەك پێکهاتەو یەك پارچە، چونکە مافەکان بڕیاری لەسەر دەدریٚو دەبێتە شتێکی ئاسایی بۆ ژنان پاشان بەشداریکردنەکە وەکو بەرجەستەکردنێکی کرداریو مومارەسەیەکی واقعی ئەو مافانە دێتە ئاراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەکەین بە دوو بەشەوە، لەیەکەمیاندا گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی مافە سیاسییەکانی ژنانو ئەو گرفتانەی دێتە رێیان،

دەکەین، لەدووەمیشیاندا دۆزو کێشەی بەشداریکردنەکە چارەسەردەکەین.





## بەشی یەکەم

## مافە گشتییەکانی ژنان

بەپێچەوانەی سەردەمی دەرەبەگایەتییەوە، کەدابەشبوونی چینایەتی لەو سەردەمەدا زۆر زەق‌و بەرچاو بوو لەنێوان چینێکی کەمینە لەخانەدانەکان کەزەوی‌و زارو ماڵ‌و موڵک‌و مەڕو ماڵات‌و کوێلە (بەژن‌و پیاوەوە) موڵکی ئەوان بوو، لەگەڵ چینیکی هەژاری کەمدەرامەت کە لەلایەن ئەوانەوە دەچەوسێنرانەوە. چینی بورجوازی سەرکەوتوو، پێکهاتەی یاسایی خۆی بەشێوەیەك بونیادنابوو، کەپارێزگاری لەبەرژەوەندی‌و دەستکەوتەکانیان بکات، ئەم پێکهاتەیە دەرەبەگەکانی لەسەرجەم دەسەڵاتەکانیان رووتکردەوە. لەسەر ئاستی (بەڵێن) دان، دروشمەکانی ئازادی، یەکسانی‌و برایەتی بەرزکردەوە. لەهەموو ئەمانەوە سیستمی هەڵبژاردنی (سنووردار) دامەزرێنرا، کەمافی هەڵبژاردنی لەئەندامانی خودی چینی بورجوازیدا قەتیس کردو گروپەکانی خوارەوەی (کرێکارانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان) لێ بێبەشکرد.... چونکە چەند مەرجێکی ئەوتۆی دانابوو بۆ مافی هەڵبژاردن کە لەچینەکانی تردا نەبوون، لەوانە دەبێت ئەو کەسە شتێك خوێندەواری هەبێت‌و موڵکێکی هەبێت کە بەهاکەی سنووری بۆ دیاریکراوبوو، یان دەبێت ئەوەندە پارەی هەبێت لەو

بڕە  دیاریکراوە کەمتر نەبێت... شتێکی سروشتی بوو لەو سەردەمەدا ئەو مەرجانە تەنها لەخودی ئەندامانی چینی بورجوازیدا بەرجەستە ببێت، چونکە هەر ئەوان دەتوانن خوێندن فێر بن، لەبەر ئەوەی خەرجیو مەسرەفێکی زۆری دەوێت، هەر ئەوانیش ئەو بڕە دیاریکراوە پارەیەیان هەبوو.. واتە بورجوازیەت بۆ خۆی دەوڵەتو سیستمو یاساکانی دادەنا.

بەڵام تیری رەخنەکان یەك لەدوای یەك، ئاراستەی ئەم سیستمە دەکراو ئەو چەند قەیرانەی کەپێیدا تێپەڕی، (پاش ئەوەی کەکرێکاران لەچەند سەندیکاو کۆمەڵەیەکدا خۆیان رێکخستو، بەرەو پێکهاتەکانی دەوڵەتی بورجوازی رێگەکانیان بەخۆپیشاندانو مانگرتنی گشتی دەبڕیو بیرو بۆچوونەکانیان دەسەپاندو کارەکانیان پەك دەخستو داوای بەشداریکردنی سیاسیان دەکرد..) ئەمە وای لەبورجوازیەت کرد ناچاربوو سیستمی هەڵبژاردن بۆ دامەزراوە دەستوریو سیاسییەکانی دەوڵەت چاکو رێك بکاتەوە، لەپێناو رێکخستنی ئەم مافەدا، چەند مەرجێکی دانا، کەناگاتە ئاستی مەرجەکانی هەڵبژاردنی سنووردار، بەڵام رێکی دەخاتو بەکارهێنانەکانی روونده‌کاتەوەو ئەسڵی مافەکە، کەمافی تاکەکانە لەهەڵبژاردنی گشتیدا، دەستەبەر دەکاتو لەگرنگترین ئەو مەرجانەی کەمومارسەکردنی





ئەم مافەی رێکدەخست، مەرجی تەمەنو پلەو پایەی سەربازیو (رەگەز)و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بوو، واتە بڕیار لەسەر مافی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ژنان نەدرابوو، بەڵکو ژنان بۆ ماوەیەك بێبەشبوون لەمافی هەڵبژرادن، کە بەپێی کۆمەڵو رادەی پێشکەوتنو عەقڵیەتی بیرکردنەوەی باوو رەوشی خودی ژنان، درێژیو کورتی ماوەکە دەگۆڕێت.

ویلایەتی (وایۆمینگ) لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیەکەم ویلایەت دێت کە لەساڵی  1869، دانی بەمافە سیاسییەکانی ژناندا ناوە، پاشان ئەم مافانە لەویلایەتەکانی تردا لەساڵی (1890)ەوە بڵاوبووەوەو تەشەنەی سەند، تاکو ساڵی ( 1920) سەرجەم ناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتەوە. بەریتانیا لەساڵی ( 1928)و تورکیا لەساڵی ( 1938)و فەرەنسا لەساڵی ( 1944) و ئیتاڵیا لەساڵی (  1945) بڕیاریان لەسەر مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان داوە. لەوڵاتە عەرەبیەکانیشدا میسر لەساڵی ( 1956)و سوریا لەساڵی (  1950)و لیبیا لەساڵی (1964)و تونس لەساڵی (  1959)و سودان لەساڵی (  1965) بڕیاریان لەسەرداوە.

**پاساوەکانی بەرهەڵستکاران بۆ مافە سیاسییەکانی ژنان:**

پاساوەکانی بەرهەڵستکاران بۆ مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان لەچەمکە کلاسیکییەکەیدا، ئەوەیە کەرۆڵی ژنان لەژیاندا لەگەڵ رۆڵی پیاواندا یەکسان نییە، وایدەبینن کەپیشەی سەرەکی ژن منداڵبوونو بەخێوکردنیانو کاروبارەکانی نێوماڵە، لەمانە بترازێ پیشەی پیاوانە، بەتایبەتی چالاکی سیاسی لەوڵاتدا، جگە لەوەش ژنان وەکو پیاوان خزمەتی سەربازی ناکەن، تاوەکو لەکۆمەڵدا لەگەڵیاندا یەکسانبن. لەلوتکەی بیروبۆچونەکانیاندا پێیان وایە نابێت ژنان مافی دەنگدانیان هەبێو دەبێ تەسلیم بەپیاوان بن لەکارو فرمانەکاندا. هەڵبژاردنی گشتی بۆ ژنان دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەو لێکجیابوونەوەی خێزانو لەئەنجامدا شیرازەی کۆمەڵ تێکدەچێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی لای ژنان، لەکاتی یەکسانیان لەگەڵ پیاودا، دروستدەبێت لەئاژاوەو بەربەرەکانێ، بۆ ئەوەی خودو کیانی خۆیان دووپات بکەنەوە.





**پاساوەکانی پشتگیریکاران بۆ مافە سیاسییەکانی ژنان:**

ئەمان وای بۆ دەچن کەئەو پاساوانەی پێشوو دوورن لەراستییەوەو پێچەوانەی عەقڵو لۆجیکن، دابەشبوون بەپێی پیشە لەنێوان هەردوو رەگەزەکەی کۆمەڵدا، دابەشکردنێکە تەنها دروستکراوی دەستی پیاوانەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گوزەرانی ژیانو باری ئابوری لەکۆمەڵدا دەکەوێتە ئەستۆی پیاوان، بۆیە هەر ئەوان بڕیاری (نەشیاوی ژنان) بۆ مومارەسەکردنی ئیشو کارە گشتییەکان دەدەن، بەڵام رەوڕەوەی پێشکەوتنی مێژوویی پێچەوانەی ئەوەیە، لەسەردەمی خێزانی دایك سالاریدا، ژنان رۆڵی سەرەکیان بینیوە لەلایەنی ئابورییەوە، لەبەرئەوە رۆڵی دەسەڵاتداریشیان هەبووە لەکۆمەڵدا. ئەمڕۆ ژنان چەند پیشەیەك مومارەسەدەکەن، کەپێشتر تەنها بۆ پیاوان قۆرخ کرابوو، هەروەها ئەزمونەکان سەلماندویانە کەدەتوانن ئیشوکارەکانیان بەسەرکەوتوییو بەباشی ئەنجامبدەن، لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵ بەباشی فاکتەرەکانی ئیشکردنیان بۆ بڕەخسێنێتو بۆیان دابینبکات، وەکو کردنەوەی دایەنگا بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان لەکاتی ئیشکردنی دایکەکاندا، هەروەها فەراهەمکردنی ئامرازە رێکوپێکەکان بۆ گواستنەوە رێکو پێکو.... تد.

هەروەها ژنان رۆڵی کارا دەبینن لەبوارەکانی شەڕدا، کاتێك کەئیشو کارەکانی پەرستاریو فریاکەوتن لەنەخۆشخانەکاندا دەگرنە ئەستۆ، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لەبەرەکانی شەڕدا بەشداریشدەکەن. ئەمڕۆ زۆر لەوڵاتان خزمەتی سەربازیان بەسەر ژناندا سەپاندووە، هەروەکو پیاوان لەو بوارەدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە.

بەشداریکردنی ژنان لەمافی هەڵبژاردنو مافە گشتییەکان، نەبووەتە هۆی داڕمانو تێکچوونی خێزانو کۆمەڵ، بەپێچەوانەوە توانیویانە چەند کەلێنێك لەرێسا کۆمەڵایەتیەکاندا پڕبکەنەوە کەبوونەتە هۆی دروستبوونی یەکێتی خێزانو دابەشبوونی ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی، بوونەتە یارمەتیدەرێك بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانو چاودێریکردنی منداڵان لەتاوانو بێلانەییو پەرتەوازەیی.

پێویستە لەسەر کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، رێبازەکانی فێرکردنو بەرنامەکانی راگەیاندن پێش بخەن، بۆ راستکردنەوەی تێڕوانینیان بۆ هەردوو رەگەزەکەی کۆمەڵ، واتە گرنگی زیاتر بەپەروەردەی کۆمەڵایەتی بدەن لەرێگەی بەرنامە فێرکاریو رێنوێنییەکانی تایبەت بەدۆزی ژنو رۆشنبیرکردنی، چونکە ئەوان دایکی نەوەکانن، لەسەردەستی ئەوان منداڵان پەروەردە دەکرێنو زۆرترین پرەنسیپی بەهاکان فێردەبن. بۆیە ئەگەر هاتوو دایکان



خوێندەوارو رۆشنبیربن شانازی بەخێزانەکەیانو وڵاتەکەیانەوە دەکەن، منداڵانیش بەشێوەیەکی باش گەورە دەبنو پێدەگەنو فێری رێنوێنی باش دەبن، دەربارەی زۆر لەو مەسەلانەی کەیارمەتیدەریان دەبێت لەژیانیاندا، بەم کارەش، لەبنچینەدا هاوبەشیدەکەن لەبەرەنگاریکردن لەوڵاتو شانازی بەنیشتمانەوە دەکەنو، یەکتریش پێشدەخەن.

هەندێك وای بۆ دەچن بەتایبەت بیرمەندە بۆرجوازییەکان لەئەوروپا کەوا پارتە چەپڕەوەکان، دژی مافی دەنگدانن بۆ ژنان، چونکە ژن سروشتێکی موحافیزکاری هەیەو حەز بەئیشو کارێك ناکات کەموغامەرەو سەرکێشی تێدابێت.

پێموایە ئەم بۆچوونە بەتەواوی پێچەوانەی واقعە، چونکە هەر پارتە چەپەکانی ئەوروپا بوون بانگەشەیان بۆ ئازادی ژنو مافە سیاسییەکانیان دەکرد، بەپێچەوانەی پارتە راستڕەوەکان، بۆ نموونە لەفەرەنسا بەخشینی مافە سیاسییەکانی ژنان تاوەکو ساڵی 1944 دواکەوت، چونکە لەترسی گۆڕان لەپێکهاتەی هەڵبژاردندا، پارتە راستڕەوەکانو کڵێسای کاسۆلیکی دژی دەرچوونی ئەو بڕیارەبوون. سەرەڕای ئەوەش، پاش ئەوەی کەمافە سیاسییەکانیان بەدەستهێنا، زۆربەی ژنان دەنگیان بۆ بەرژەوەندی راستڕەوەکان دەدا، ئەم عەیبەیە لەخودی ژندا یان

لەسروشتە موحافیزکارەکەیدا نییە، بەڵکو لەو پەروەردە فکریەو پێگەیشتنە کۆمەڵایەتیەدایە، کەتێیدا دەژیو کاردەکاتە سەر فۆرمەلەکردنی پرەنسیپو بیرو بۆچونەکانیان لەفکرو رۆشنبیری باوی نێو کۆمەڵ، کە لەرێگەی خوێندنگەکانو دەزگاکانی راگەیاندنەوە وەریدەگرن هەروەکو پیاوان. بەڵکو ئەزمونەکان سەلماندویانە کەژنان زیاتر گرنگی بەو بڕیارە سیاسیو ئابووریانە دەدەن کەرەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خەرجیو داهاتی خێزان. لەفەرەنسا زۆر لەژنان دەنگیان دژی ((دیگۆل))ی محافزکار دا، کاتێك کەهەستیانکرد گرنگی پێویست بەمەسەلە ناوخۆییەکان نادات، بەتایبەت مەسەلە ئابوورییەکان کەرەنگدانەوەی لەسەر خۆشگوزەرانیو بەختەوەری خێزان هەیە.





**شەریعەتی ئیسلام لەنێوان حەرامکردنو پشتگیریدا:**

**یەکەم/ ئیسلام ژنان لەمافە سیاسییەکان بێبەشدەکات:**

**بەڵگەی قورئان:**

خوا فەزڵو چاکەی پیاوی بەسەر ژندا داوە، هەر پیاوە کەلێپرسراویەتی خێزانو کۆمەڵی لەسەرشانە، هەر پیاوە سەرپەرشتیارو گەورەی ژنە لەنێو ماڵو لەدەرەوەدا، هەر پیاوە خەرجی ماڵو خێزانی لەسەرشانە، هەرپیاوە مافی تەمێکردنی ژنی هەیە لەکاتی بێگوێیو لەسنور دەرچونیدا.. لەم بارەیەوە لەسورەتی النساو/ ئایەتی 34 دا هاتووە ( الرجال قوامون علی النساو بما فچل الله بعچهم علی بعچ وبما أنفقوا من أموالهم...) واتە: پیاوان مافی سەروکاری (قوامە) یان هەیە بەسەر ژناندا، چونکە ئەرکی بەخێوکردنو بەڕێوەبردنیانیان لەسەرشانە، پەروەردگار ئەم فەزڵەی پێداون. یاخود لەشوێنێکی تردا هاتووە (ولهن مپل الژی علیهن بالمعروف وللرجال علیهن درجە...) البقرە/ ئایەتی (228) واتە: پیاو چەند مافێکی بەسەر ژنەوە هەیە، لەبەرامبەریشدا ژن خاوەنی چەند مافێکی خۆیەتی، وە پیاوان پلەیەکیان بەسەریانەوەیە. یان لەئایەتی ( 32)ی سورەتی (النساو) دا هاتووە (ولا تتمنوا ما فچل الله بە بعچکم علی بعچ للرجال نصیب مما اکتسبوا وللنساو نصیب مما اکتسبن..) واتە:

ئاواتە خوازی ئەوە مەبن کەئەو ماڵو سامانەی خودا داویەتی بەهەندێ کەس بدرایە بەئێوەش، پیاوان بەشی خۆیان هەیە لەوەی کە بەرەنجی شانیان پەیدایدەکەن، ژنیش بەگوێرەی هەوڵو تێکۆشانیان بەشی خۆیان هەیە.

زاناو شەرعزان (ئەبو بەکر العربی ) پێی وایە خودا ئەو سەرۆکارییەی بەخشیوە بەپیاو، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەپیاو لەعەقڵو دینداریدا لەژن کامڵترە، هەر پیاوە توانای بەڕێوەبردنی ماڵو خێزانی هەیە، هەر پیاوە لێپرسراویەتی جیهادو بانگخوازیو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەی لەسەر شانە، هەر پیاوە مافی مارەیی دانو نەفەقەکێشانی لەئەستۆدایە.

هەروەها ئیمامی (زمخشری) کەخاوەنی تەفسیری (الکشاف)ە، پێی وایە ئەو سەرۆکارییەی پیاو بەسەر ژنەوە، شتێك نییە بەزەبرو زۆر دەستی کەوتبێت، بەڵکو لەلایەنی چاکیو کامڵییەوەیەتی. هەر لەکۆنەوە زانایانی ئیسلامی باسیان لەوە کردووە، کەسیفاتەکانی عاقڵیو ئازایەتیو سوارچاکیو نووسەریو خوێندەواری بەشێوەیەکی گشتی لەپیاواندا زۆرتربووە وەك لەژناندا. هەروەها پێغەمبەرانو زانایانو پێشەوایانی شەریعەت هەموویان پیاو بوون.





هەروەها پیاوان خاوەنی چەندین تایبەتمەندین وەکو جیهادکردن، بانگدان، شەومانەوە لەمزگەوتدا، نەفەقەکێشانی خێزانو پێدانی مارەیی....تد.

لەم بارەیەوە (ئیمامی رازی)یش هاتووە جەختی لەسەر ئەو وتانە کردوەتەوە وتویەتی: ( لەنێو گرۆهی بەشەریدا فەزڵدانی رەگەزێك بەسەر رەگەزەکەی تردا بەدووشت دەبێت: تواناو زانست، کاتێکیش ورد دەبینەوە بۆمان روندەبێتەوە کەپیاوان لەزانستو زانیندا لەپێش ژنانەوەن، هەوەها لەتواناشدا، کەدوو جۆرە "توانای عەقڵیو توانای هێزو جەستەیی" هەر لەپێش ژنانەوەن.)

**بڕیاردان لەسەر مانەوەی ژنان لەماڵەوەدا:**

هەندێك کەس پێیان وایە کەقورئان بڕیاری ئەوەی بەسەر ژندا سەپاندووە، کەدەبێت لەچوارچێوەی ماڵدا بمێنێتەوە، مەگەر زۆر زەرورو پێویست بێت ئەوجا بەچەندین مەرج دەتوانێت بچێتە دەرەوە.. دەبێت پێچراوەبێتو خۆی لەتێکەڵبوونی پیاو دووربگرێت، هەروەك لەقورئاندا هاتووە: (واڎا سألتموهن متاعاً فأسألوهن وریٚو حجاب..) سورە الاحزاب ئایەتی 53.. واتە (ئەگەر داوای هەرشتومەکێکتان لێیانکرد لەپشتی پەردەوە داوایان لێبکەن).. (وقرن فی بیوتکن ولا تبرجن تبرج الجاهلیە

الاولى)... الاحزاب/ ئایەتی 33 واتە (لەنێو ماڵەكانتان بمێننەوە، لەكاتی هاتنە دەرەوەدا خۆتان مەڕازێننەوە، هەروەك ژنانی سەرەتایی سەردەمی نەفامی). .. ( ولا یچربن بارجلهن لیعلم مایخفین من زینتهن).. النور/ ئایەتی 30.. واتە( (لەنجەو لار بەپاوانو خرخاڵەوە مەكەن ، ببێتە هۆی بزواندنی هەستو ئارەزوی پیاوان) بەم جۆرە لەكۆی واتای ئەو ئایەتانە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كەتاقە شوێنی ژن نێو ماڵە، پێویستە خۆی بەدوربگرێت لەژیانی سیاسی، هەر كاتێكیش لەماڵ هاتەدەر دەبێت پابەند بێت بەو مەرجانەوە، وەك لەمانای ئایەتەكاندا ئاماژەمان پێكرد.

**بەڵگەی سوننەت (فەرموودە):**

زانایانو شەرعزانانی پێشین پێیان وابووە كەسوننەت، وتەو كرداری پێغەمبەرە (د.خ)و رونكەرەوەو ڕۆشنكەرەوەی قورئانە، هەرچی رونكردنەوەیەك لەپێغەمبەرەوە بێت، لەسنوری قورئان تێناپەڕێت. بۆ نموونە، پێغەمبەر(د.خ) نەهی لەوە كردووە كەژن پلەو پایەی لێپرسراویەتی بگرێتە دەست. كەدەفەرموێت ( لن یفلح قوم ولوا امرهم إمرأە) واتە هیچ كۆمەڵو نەتەوەیەك سەرفرازو سەركەوتوو نابێت ئەگەر بێتو ژن سەرۆكاریان بێت) هەر بۆیەش





زانایان لەبەر رۆشنایی ئەم فەرمودەیەدا لەهەموو سەردەمەكاندا ژنیان لەوەرگرتنی هەر لێپرسراویەتییەك بێبەشكردووە.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لەشوێنێكی تردا دەفەرموێت : (إڎا كان امراو كم شراركم وأغنیائكم جهلاوكم وامراوكم نسائكم فبگن الارچ خیر من ڤهرها) واتە: هەركاتێك لێپرسراوانتان خراپترینتان بنو دەوڵەمەندەكانتان كەسانی گێلو نەفام بنو كاروبارو راتان لای ژنەكانتان بوو، ئەو كاتە ژێر زەوی لەسەر زەوی باشترە بۆتان. یاخود دەفەرموێت: (إن المرأە راعیە علی بیت زوجها و ولدە وهی ناقصە عقل ودین) واتە: ژن بەتەنها سەرۆكاری ماڵی مێردەكەیەتی پەروەردەكاری منداڵەكانیەتی، چونكە كەم عەقڵو كەم دینە، لەبەرئەوە ئەگەر ژن لەكاروباری كۆمەڵدا بەشداربێت مەترسیدارە.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (مارأیت ناقصات عقل من النساو) واتە: بەقەد ژنان كەم عەقڵم نەبینیوە. یان لەشوێنێكی تردا دەڵێت: (إن المرأە عورە فاڎا اخرجت استشرفها الشیگان) واتە: ژن شەرمە، هەركاتێك لەماڵ هاتەدەرەوە شەیتان دەبێتە رێنوێنیكەری. كەواتە نابێت ژنان تێكەڵ بەپیاوان بن. هەروەها نابێت پیاوان بەتەنها لەگەڵ ژناندا بن. هەروەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت (ولایخلون رجل بامرأە الاوكان الشیگان پالپها) واتە:

هەر پیاوو ژنێك بەتەنها لەشوێنێكدا مانەوە شەیتان سێیەم كەسیانە.

**بەڵگەی كۆڕای زانایان (الاجماع):**

لیژنەی فەتوا لەزانكۆی ئەزهەر پێی وایە (ئەگەرچی لەنێو پێشینەكانداو لەسەرەتای سەدەی یەكەمی ئیسلامەوە، چەندین ژنی رۆشنبیرو شارەزا هەبوون، كەزۆر لەپیاوان بەتواناتر بوون، نموونەی خێزانەكانی پێغەمبەرو چەندانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبیستراوەو رووینەداوە ژنان ئەركی لێپرسراویەتی گشتی ( الولایە العامە )یان پێبسپێردرێت چ بەتەنها یان لەگەڵ پیاواندا بن.

هەرچەندە لەو سەردەمەدا واپێویستی كردووە ژنان شانبەشانی پیاوان لەبەڕێوەبردنی كاروباری گشتیدا بەشداربن، بەڵام نەخۆیان بەشداربوون، نە لەلایەن پیاوانیشەوە داوایان لێكراوە، وە ئەگەر بەڵگەیەكی قورئان یان سونەت هەبوایە لەسەر رێگەپێدانی ژن بۆ بەشداریكردن لەو كارانەی ئاماژمان پێدان بەو شێوەیە وەلاوە نەدەنران‌و پشتگوێ نەدەخران.

**بەڵگەی بەرژەوەندی:**





زانایان پێیانوایە، هۆی گرتنەدەستی لێپرسراویەتی‌و بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی لەلایەن پیاوەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خەسڵەتی لێهاتوویی‌و شارەزایی لەپیاودا، بەڵام ژن بەئەندازەی پیاو خاوەنی ئەو تواناو لێهاتووییە نییە، چونكە ژن خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی جەستەیی‌و دەروونییە كەهۆكاری كەمكردنەوەی ئەو تواناو لێهاتوییەن.

لەشەریعەتی ئیسلامدا بەڵگەی بەرژەوەندی لەسەر ئەم بنەمایە بەندە (دوورخستنەوەی گەندەڵی لەحوكمدا لەپێش دەستخستنی بەرژەوەندیدایە) جا لەبەر رۆشنایی ئەم بنەمایە، ژن لەبینینی رۆڵی سیاسی لەكۆمەڵدا بێبەشكراوە، یاخود بەمانایەكی تر بڵێین، ژن هەر لەسروشتدا چەندین قورسایی‌و ئەركی پڕوكێنەری لەسەر شانە، كەدەبنە رێگرو بەربەست لەبەردەم هەوڵدانیدا بۆ كاری تر(مەگەر كارەكە زۆر ئاسان بێت)، نابێت ئەوە بەسەر ژندا بسەپێنرێت، كەشانبەشانی پیاوان بچنە دەرەوە بۆ كاروباری سیاسی‌و ئیمامەت‌و دادوەری‌و شەڕ.

بەڵام ئەمەی ئاماژەمان پێدا نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی كەژن شیاوی تێدا نەبێت بۆ هەندێ كاری تری وەكو، وانە وتنەوە بەكچان‌و چارەسەركردنی ژنی نەخۆش .. تد، چونكە ئەم كارانە ناچنە ژێر ناونیشانی لێپرسراوێتی گشتییەوە.

## دووەم/ ئەو رایەی پشتگیری لەپێدانی مافە سیاسییەکانی ژنان دەکات:

دەتوانین لەکۆی رای ئەوانەی پشگیری ژنان دەکەن‌و هەندێك لەو مافانەیان پێدەدەن، رای شەرعزانە پێشینەکان بخەینەڕو کەپێیان وایە دەقی ئایەت‌و فەرمودەکان، ژن لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی دەوڵەت بێبەش دەکەن. لەم بارەیەوە ئیمام (ابو حنیفە) پێیوایە ژن دەتوانێت ببێتە دادوەری کڕین‌و فرۆشتن، بەبەڵگەی ئەوەی لەکڕین‌و فرۆشتندا شایەتی لێوەردەگیرێت، بەتێڕوانینی ئەو شەرعزانە پێشینانە دادوەری‌و شایەتیدان لەلێپرسراویەتییە گشتییەکانن.

بەڵام شەرعزانە نوێیەکانی وەکو (شێخ محەمەد رەشید رەزا، مەحمود شلتون‌و د. محەمەد یوسف موسی) ڕێ بەژنان دەدەن کەخۆیان لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا بپاڵێون‌و ببنە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی، هەروەها پێیانوایە ژنان دەتوانن سەرجەم پۆستە لێپرسراویەتیەکان بگرنە ئەستۆ، تەنها سەرۆکایەتی دەوڵەتی نەبێت.

هەروەها رێساو پرەنسیپە قورئانییەکان یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو لەسەرجەم مافو ئەرکەکاندا پیشاندەدەن، جگە لەهەندێك لایەن نەبێت، هەر مافێك کە بەپیاو دراوە لەهەمان کاتدا چەند ئەرکێکی





لەسەر دانراوە بەرامبەر بەژن، بەپێچەوانەوە هەر مافێك بەژن دراوە لەبەرامبەریدا چەند ئەرکێکی لەسەردانراوە بەرامبەر بەپیاو. هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (ولهن مپل الژی علیهن بالمعروف) واتە: ژنان بەئەندازەی ئەو مافانەی پێیان دراوە چەند ئەرکێکیشیان لەسەر شانە . (ولقد کرمنا بنی ئدم) واتە: ئێمە نەوەکانی ئادەممان رێزدارکردووە، ئیتر بەبێ جیاوازی لەنێوان ژن‌و پیاودا.

یاخود لەجێگەیەکی تردا خوای گەورە لەسورەتی ( التوبە) ئایەتی 71دا دەفەرموێت: (المؤمنومن والمؤمنات بعچهم اولیاو بعچ یأمرون بالمعروف وینهون عن المنکر...) واتە ژنان‌و پیاوانی موسڵمان بەسەر یەکیانەوە هەیە، فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەکەن. کەواتە خوای پەروەردگار بڕیاری لێپرسراویەتی رەهای ژن‌و پیاوی داوە، هەردووکیان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵدا بەشدارن چونکە سەرجەم ئەو دەسەڵات‌و یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و حکومدانانە بریتین لەفەرمانکردن بەچاکەو نەهی کردن لەخراپە، هەروەك چۆن خودای پەروەردگار فەرمان بەپێغەمبەرەکەی (د.خ) دەکات چۆن بەیعەت لەگەڵ پیاواندا دەکات‌و پەیمانیان لێوەردەگرێت ئاوهاش لەگەڵ ژناندا ئەنجامیبدات، (یاأیها النبی اژا جاوك المؤمنات یبایعنك علی ان لایشرکن بالله شیئاً ولا یسرقن

ولایزنین ولا یقتلن اولادهن ولا یأتین ببهتان یغترینه بین ایدیهن وارجلهن ولا یعصینك فی معروف فبایعهن واستغفر لهن الله ان الله غفور رحیم...) سورەتی الممتحنه/ ئایەتی 12 واتە ئەی پێغەمبەر هەرکاتێك ژنان هاتنو پەیمانیاندا لەسەر ئەوەی شەریك بۆ خودا پەیدانەکەن، دزی نەکەن، زینا نەکەن، منداڵەکانیان لەناو نەبەن بەهەرجۆرێك بێت، درۆو بوختان بۆ کەس هەڵنەبەستن، لەکاری چاکەدا بێگوێی تۆ نەکەن، ئەوا ئەو کاتە پەیمانیان لێوەربگرەو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە لەخودا. خوداش لێبوردەو بەبەزەییە.

هەروەها هەریەك لەژنو پیاو لەیەك بنەچەو رەچەڵەکەوە هاتوون (یاأیها الناس أتقوا ربکم الژی خلقکم من نفس واحده وخلق منها زوجها وبپ منهما رجالاً کپیرا واتقوا الله..) سورەتی النساو / ئایەتی 1- واتە: ئەی خەڵکینە تەقوای ئەو خودایە بکەن کەئێوەی لەیەك بنەچەوە هێناوەتە بوون هەر لەرەچەڵەکەوە هەردوو رەگەزی نێرو مێی پێکهێناوەو بەبەردەوامی لەزیادبوونو برەودان..

واتای پوختەی سەرجەم ئەو ئایەتە قورئانیانەی ئاماژەمان پێدان بەڵگەن لەسەر ئینسانیەتی ژنو پیاوو بەشدارییان لەسەرجەم مافو ئەرکو ئیشو کارەکاندا، کەئەمەش عەقڵی مرۆڤەکان وەریدەگرێتو پەسەندی دەکات.





هەروەها خودای پەروەردگار بەدیدێکی یەکسانەوە دەڕوانێتە ژنو پیاو، هەروەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە ( وما خلق الژکر والانپی ان سعیکم لشتی فأما من اعگی واتقی وصدق بالحسنی فنیسره للیسری واما من بخل واستغنی وکژب بالحسنی فسنیسره للعسری..) سورەتی اللیل ئایەتی (10) واتە سوێند بەو خودایەی نێرو مێی دروستکردوە هەوڵو کرداری مرۆڤ جیاوازە، هەندێکیان بەکاری باشە هەڵدەستنو هەندێکیان بەکاری خراپە، هەر مرۆڤێك (ژنو پیاو) خێرو خێرات بکاتو خواپەرست بێت، ئێمەش کارئاسانی بۆ دەکەینو پاداشتی دەدەینەوە، بەڵام ئەگەر چروکو بەغیل بێتو چاکەکاری بەدرۆ بزانێت، لەبەرامبەردا رێگای خێرو خۆشی لەبەردەمیدا توندو ناهەموار دەکەین.

ژن توانای ئەوەی هەیە خاوەنی بیرورای خۆی بێتو کەس دەست نەهێنێتە رێی، هەروەك لەسورەتی (المجادله) - ئایەتی (1)دا هاتووە (قد سمع الله قول التی تجادلك فی زوجها وتشتکی والله یسمع تحاورکما إن الله سمیع بصیر..) واتە: خودای پەروەردگار گوێبیستی داوای ئەو ژنە بوو کەهاتە لات (ئەی پێغەمبەر)و شکاتی لەمێردەکەی کردو پەنای بۆ خودا برد بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی، خوداش گوێبیستی گفتوگۆکەتانە....

هەروەها لەقورئانی پیرۆزدا نموونەی ژنی بەتوانای (وەکو پاشای سبأ)ی تێدایە، کەئەرکی لێپرسراویەتی دەوڵەتی لەسەر بنەمای پرسو راوێژ بەدەوروبەر، لەئەستۆگرتبوو. وەك لەسورەتی النمل – ئایەتی (32–34)دا هاتووە (قالت یا أیها الملاو افتونی فی امری ماکنت قاگعە امراً حتی تشهدون، قالوا نحن اولو قوه واولو بأس شدید والامر إلیك فأنظری ماژا تأمرین...) ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی روونە بەدەسەڵاتداریەتی پاشای (سبأ)، کەژن بووەو ناوی (بەلقیس)بووە، کاتێك وەزیرو پیاو ماقوڵانی کۆکردەوەو پرسو راوێژی پێکردن لەسەر ئەو بنەمایەی لەسولەیمانی پێغەمبەرەوە بۆی هاتبوو. لەلایەکی تریشەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ژن توانای پاشایەتی هەیەو لەبیرورِادا زۆر ژیرەو لەکاروباری سیاسیشدا سەرکەوتووە.

**بەڵگەی فەرموودە**

ئەو کۆمەڵە شەرعزانو بیرمەندە ئیسلامیانەی پێیان وایە کەدەبێت ژن لەکاروباری سیاسیدا بەشداربێت، ئەویش بەچەندین بەڵگەی رونو ئاشکرا لەوتەو کرداری پێغەمبەرو هاوەڵانی پشت ئەستورن، بۆ نموونە عەلی کوڕی ئەبی تالیب ویستی کابرایەکی بێدین بکوژێت، کابراش پەنای بردە لای (ئوم هانی)، ئەویش چوە لای پێغەمبەر(دخ)و پێی وت، پێغەمبەریش فەرموی: (ئێمەش





داڵدەی ئەو کەسە دەدەین کە ئوم هانی داڵدەی داوە) ئیتر رێی نەدا ئیمامی عەلی کابرا بکوژێت.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لەرووداوی (حودەیبە)دا کاتێك فەرمانی بەسەر هاوەڵانیدا کرد، کەسەریان بتاشنو قوربانی بکەن، بەڵام بەقسەیان نەکرد، بەمەش پێغەمبەر بێتاقەت بوو، گەڕایەوە لای (ئوم سەلمە)ی خێزانیو باسەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش رێنوێنی کرد، بەوەی بچێت لەبەردەمی هاوەڵانیداو بێ ئەوەی لەگەڵ کەسیاندا بدوێت ئاژەڵێك بکات بەقوربانیو بانگی دەلاکێك بکات سەری بتاشێت. پاشان ئەوانیش چاوی لێدەکەن. ئەوە بوو پێغەمبەر تەمێکەی لەگوێ گرت هاوەڵانیشی چاویان لێکرد لەو رۆژە بەدواوە (ئوم سەلمە) بەراوێژکاری پێغەمبەر ناونرا.

مێژووی ئیسلامیش پڕە لەو باسو بەسەرهاتانەی کەئاماژە بەوە دەدەن، ژنان خاوەنی بیرورِای خۆیان بوونو بەشداری کاری سیاسیان کردووە، وەختی خۆی خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتاب) ویستی مارەیی ژنان کەمبکاتەوە، لەم کاتەدا ژنێك رووبەڕووی بووەوەو پێی وت، کەناتوانێت کاری لەجۆرە بکات، چونکە پێچەوانەی فەرمانی خودایە کەدەفەرموێ: (وإژی أردتم استبدال زوج مکان زوج وأتیتم احداهن قنگاراً فلا تأخژوا منه شیئا بهتاناً وإیما ًمبیناً ) سورەتی نساو / ئایەتی 20. واتە: ئەگەر

........................................................................ و: جاسم محەمەد ............


ویستان ژنی نابەدڵتان تەڵاق بدەن‌و ژنێکی تربهێنن، ئەوە ئارام بن، بەشێوەیەکی دادوەرانە تەڵاقی بدەن، بەناڕەوا بوختان‌و پڕوپاگەندەیان بۆ مەکەن‌و مارەیشیان لێمەستێننەوە، تەنانەت ئەگەر ماڵێکی زۆریشتان پێدابوون.

هەروەك چۆن لەمێژووی ئیسلامدا (عائشە)ی خێزانی پێغەمبەر (د.خ) بەوە ناسراوە کەژنێکی زۆر بەتواناو لێهاتوو بووە لەبواری شەرع‌و فەتوادانداو هەر ئەویش لەکاتی کوژرانی ئیمام (عوسماندا) بەسوپایەکی زۆرەوە بەرێکەوت‌و داوای تۆڵە سەندنەوەی لەبکوژانی دەکرد. واتە عائشە کاتێك بەو کارە هەستاوە باوەڕی بەخۆی هەبووە، کەدەتوانێت لەکاری سیاسیدا بەشداربێت.

هەروەها مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەچۆن (نائیلەی کچی رافیچە)ی خێزانی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەفان) رێنمایی مێردەکەی دەکرد لەچۆنیەتی رێکخستنی کاروباری دەوڵەتدا. یاخود خەلیفەی چوارەم (ئیمامی عەلی) تیپێکی تایبەتی هەبووە لەژنان کە لەکاتی شەڕدا ئاوو چەك‌و خواردنیان دەگەیاندە شەڕکەرەکان‌و لەهێڵی بەرگریدا دەمانەوە.

**ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت مافە سیاسییەکانی ژنان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییە:**



هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕەو لەسەروی هەموویانەوە د. عەبدولحەمید متولی پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستن کە لەم مەسەلانەوە سەرچاوە دەگرێت:

1. هیچ حوکمێك لەحوکمە شەرعییەکاندا نییە ، کەژنان لەمافە سیاسییەکانیان بێبەش بکات.
2. یاسادانەر سەیری ژینگەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە دەکات کەگەرەکیەتی یاسای بۆ دابنێ، نەك کێشە یاسایی‌و فیقهییەکان، چونکە ژینگە بەهەموو رەهەندە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەسەر یاسادانەردا دەیسەپێنێت، کەرێگایەکی دیاریکراو لەیاساکاندا بگرێتەبەر، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ژینگەیەو کێشەکانیدابگونجێ، ئەگەر هاتوو ژمارەی پیاوان لەناو کۆمەڵدا کەم بێت، یاساکان بەشێوەیەك دەبن کەزۆرترین بوار بۆ ژنان فەراهەم بکەن بۆ ئەوەی لەکاروبارە جۆراوجۆرەکاندا بەشداربیکەن، ئەو کەموکوڕییە بەرچاوانە لەبەرێوەبردندا یان لەهەر بوارێکی دیکەی بوارەکانی بەرهەمهێناندا، پڕبکرێتەوە.
3. نابێ لەهەموو شتێکدا لاسایی وڵاتە بیانییەکان بکرێتەوە، نابێ ئەوەش بوترێ کەئەو وڵاتانەی رێگە بەبەشداریکردنی سیاسی ژنان دەدەن، ئاستێکی پێشکەوتووی باشیان هەیە، بۆ نموونە

فەنزوێللا لەساڵی( 1919)ەوە مافی هەڵبژاردنی بەژنان داوە، چیکوسلۆفاکیای (پێشوو) لەساڵی 1920، پۆڵەندا 1921 لەساڵی، رۆمانیا لەساڵی 1923، تورکیا لەساڵی 1924، ناکرێ ئەم وڵاتانە لەفەرەنسا بەپێشکەوتووتر دابنرێن کە لەساڵی 1944دا، بڕیاری مافی هەڵبژاردنی بۆ ژنان دەرکردووە، هەروەها سویسرا لەساڵی 1959– 1960 رێگەی پێداون.

4. هەندێ لەزانایانی دەروونناسی پێیان وایە پیشەی سەرەکی ژن دایکایەتیو بەخێوکردنی منداڵە، دابڕانی دایك بۆ کاژێرێکی زۆر لەماڵەکەی، کاردەکاتە سەر دەروونو پێکهاتەی منداڵەکانی، ئەمەش جگە لەوەی ژن لەدەرەوەی ئیشو کاری نێومالّ دووچاری پەستانێکی دەروونی قووڵ دەبێتەوە کەکاردەکاتە سەر کەسێتیو مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵەکانیدا. هەروەها ژن حەز بەقوڵبوونەوە لەچالاکی سیاسیدا ناکات، بەڵکو بەحوکمی سروشتی ژن، زیاتر لەپیشە ئەدەبیو مۆسیقیو خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتیەکانەوە نزیکن.

**بەدواداچوون:**

هەندێك لەزانایانو بیرمەندە ئیسلامییەکان ئەو رایە رەتدەکەنەوە، کەگوایە ژنان لەکارو باری سیاسی بێبەشکراون بەبەڵگەی ئایەتی (الرجال قوامون علی النساو...)و پێیان وایە ئەو ئایەتی (قوامە)یە





تایبەتە بەمەسەلەکانی هاوسەرێتیو تەلاقو پەیوەندی نێوان ژنو مێرد، لەنێوان ئەو ئایەتانەدا هاتووە کەپەیوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە، ئایەتەکانیش ئەمانەن (وإن عزموا الگلاق فإن الله سميع عليم. .) سورەتی البقرە ئایەتی 227، (والمگلقات یتربصن بانفسهن پلاپە قروو ولایحل لهن أن یکتمن ماخلق الله فی ارحامهن إن کن یۆمن بالله..) سورەتی البقرە ئایەتی 228، (والگلاق مرتان فإمساك بمعروف او تسریح بإحسان..) سورەتی البقرە ئایەتی 229.

هەر لەم بارەیەوە زانای شەرعزان، ماوردی لەراڤەکردنی ئایەتی (وللرجال علیهن درجە) دا، دەڵێت: مەبەست لەوەی کەپیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە، ئەوە تایبەتە بەمافەکانی هاوسەرێتیو تەلاقدان، کەپیاو مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی تەلاق بدات بێ ئەوەی ویستی ژنەکەی تێدابێتو، هەریەك لەژنو مێرد پێویستە لەسەریان مافی یەکتر بدەن بەتایبەتی مافی سەرجێیو خەوتن.

هەروەها کۆمەڵێك لەگەورە زانایانی زانکۆی ئەزهەر پێیان وایە مەبەست لە(درجە)، پلە لەئایەتەکەدا، لەئەستۆگرتنی سەرپەرشتیاری ماڵو منداڵو خێزانە.

.................................................................. و: جاسم محەمەد ............

بەو شێوەیە سەرجەم ئەو ئایەتانەی لەم بارەیەوە هاتوون، بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی کەماف بەپیاو دەدەن تەمێی ژنەکانیان بکەن لەکاتی روودانی گێروگرفت لەنێوانیاندا، تایبەتن بەژیانی ژنو مێردایەتیو نابنە بەڵگە لەسەر بێبەشکردنو دوورخستنەوەی ژنان لەبەشداریکردن لەکاروباری سیاسییاندا.

بەڵام ئایەتی (وقرن فی بیوتکن..) سورەتی الاحزاب ئایەتی (33) (وإژی سألتوهن فاسألوهن وراو حجاب...) سورەتی الاحزاب ئایەتی 53. تایبەتن بەخێزانەکانی پێغەمبەر (د.خ) و مەبەست لێیان گشتگیر نییە.

سەبارەت بەو فەرموودەیەی کەژنان بەکەم عەقڵو لاواز لەئاین لەقەڵەم دەدات، د. عەبدولحەمید متولی پێی وایە ئەم فەرموودەیە راست نییەو دروستکراوە، چونکە واتاکەی لەگەڵ عەقڵو لۆجیکدا ناگونجێ. وە ئەگەر راستیش بێت ئەوا بەتەنها نابێتە بەڵگە لەسەر دورخستنەوەی ژنان لەگۆڕەپانی سیاسەتدا، بەڵکو دەبێتە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کەمادام کەم عەقڵو کەم دینن دەبێت لەکاتی شوکردندا خاوەنی رای خۆیان نەبن، ئەگەر خاوەنی پارەبوون بەبێ پرسی باوك یان مێرد بۆیان نییە خەرجی بکەن، هەروەك زانایان باسیان لێوەکردووە لەو کاتەدا دەبێت ژن وەکو کەسێکی شێت یان کەك عەقڵ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێتو





کەسێك تایبەت بکرێت بۆ رێنوێنی کردنی وەك باوك یان مام یان مێرد... تد، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاینی ئیسلام دانی بەشیاوی ژندا ناوە مافی خاوەنداریەتیو چۆنیەتی سەرفکردنی پارەو پولی پێداوەو، مێینایەتی لەئیسلامدا نابێتە فاکتەری دیاریکردنی سەرپەرشتیاری تایبەت (الحجر) بەسەریەوە، وەکو شێتیو کەم عەقڵیو گێلیو...تد، هەروەك لەهەندێ لەدەقەکانی یاسای رۆمانیدا لەسەردەمی خۆیدا هاتووە یان تاوەکو ساڵی 1938 لەیاسای فەرەنسیدا هەبووە.

د. متولی بەردەاوم دەبێتو دەڵێت: باشە گەر راست بێت ژن کەم عەقڵو کەم دین بێت، ئەی بۆچی ئیمام ئەبو حەنیفە رێ بەژن دەدات پۆستی قازیەتی بەدەست بهێنێت لەهەندێ حاڵەتدا؟ ئەی بۆچی چەندین ژنی هاوەڵی پێغەمبەر لەریزی شارەزایانو فەتوادەراندا ژمێردراون؟ بۆچی چەندین ژنی ناودارو پسپۆڕ لەبوارەکانی فەرمودەو فیقەو ئەدەب... تد، ناویان لەمێژووی ئیسلامدا گەشاوەیە. هەروەها دەڵێت: باشە چۆن عەقڵ ئەو فەرمودەیە تەقەبول دەکات لەکاتێکدا کەیەکەمین کەس باوەڕی بەپێغەمبەر هێناو پشگیری لێکرد ژن بوو، کەخەدیجەی هاوسەری بوو، کاتێکیش قورئان نووسرایەوە، ئەم ئەمانەتە گەورەیە لای ژن دانرا تا بیپارێزێت کە (حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتابو

............................................................................ و: جاسم محەمەد ............

ژنی پێغەمبەریش بووە). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەندێك لەبیریارانی ئیسلام لەگەڵ ئەو رایەی د. متولی دا نین کەدەڵێت ئەو فەرمودەیە لاوازە، بەڵکو دەڵێن ئەو فەرموودەیە راستەو لەزاری پێغەمبەرەوە وەرگیراوەو لەزۆربەی کتێبی فەرمودەکاندا بەتایبەت راستو دروستەکانی وەکو (صحیحی بوخاریو مسلم)دا هاتووە.

هەروەها ئەم کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وانییە ئەم فەرمودەیە ئەگەرچی راستە، بەڵام واتاو مەبەستەکەی گشتگیر نییەو نابێتە بەڵگە لەسەر دوورخستنەوەی ژنان لەمەیدانی سیاسەت بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا. دەڵێن جوانترینو رونترین بەڵگە لەسەر ئەم رایەمان، ئەوەیە کە(عومەری کوڕی خەتاب) ژنێکی بەلێپرسراوی کاروباری نێو بازاڕ دامەزراندبوو، کە(شفائی کچی عەبدوڵلا) بوو، ئەم کارەش لێپرسراویەتیەکی گشتییەو، ئەو ژنە لێپرسراوبووە لەقەدەغەکردنی فێڵو تەڵەکەبازی لەناو بازاڕو نەهێشتنی دیاردەی کۆکردنەوەی خواردنو خستنەوە ناو بازاڕ لەکاتی گرانیدا.

هەروەها لەبواری بێبەشکردنی ژنان لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، ناتوانرێت پشت بەعورف ببەسترێت وەکو بەڵگەیەکی شەرعی کەزانایانی فیقهو ئسول لەچەندین شوێندا ئاماژەیان پێکردووە، چونکە نەریتە باوەکان بەپێی سەردەم گۆڕانی





بەسەردادێت، نابێت لەبەر ئەوەی لەسەردەمەکانی پێشودا ژنان رۆڵی سیاسیو کاروباری گشتییان نەبووە، ئەمڕۆکەش لەو رۆڵانە بێبەشن.

## چوارچێوەی دەستوریو مافە سیاسییەکانی ژنان

تاوەکو ساڵی 1956 ژنانی میسر لەمافە سیاسییەکانیان بێبەشبوون، یەکەم دەستور کەپاش شۆڕشی یۆلیۆی 1952 دەرچوو، دانی بەمافی خۆ کاندید کردنو هەڵبژاردندا نا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانو دامەزراوە سیاسییەکان، پاشان حکومەتەکانی دواتر چەندین کورسییان بۆ ژنان لەئەنجومەنی یاساداناندا تەرخانکرد، ئەم مەسەلەیە پێویستی ئەوەی هێنایەکایەوە کەدەبێت ژمارەیەك ژن خۆیان کاندید بکەن بۆ ئەنجومەنی یاسادانان، بەم پێیە بوو بەشتێکی سەپاو کەدەبێ نوێنەری ژن لەناو ئەنجومەندا هەبێ، ئەم حاڵەتە وەکو خۆی مایەوە تاوەکو ئەم حکومەتەی ئێستا، لەم دوایەدا بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.

کێشە لەبوونی ژنان لەئەنجومەنی پەرلەماندا نییە، بەگوێرەی ئەوەی کە لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکەدایە بەگشتی، ئەو بەهاو پرەنسیپانەی کەبۆگەنی کردووە تێیدا، واتە پێوەری راستەقینە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ژنانو مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانیان، تەنها بەدەقێك دیاری ناکرێت کە لەنێوان دووتوێی دەستور یان یاسایەك لەیاساکاندا نووسرابێ. بەگوێرەی ئەوەی کەکۆمەڵ لەجموجۆڵی گشتی خۆیدا بەرەو سازاندنی





بارودۆخێك بۆ  مومارەسەکردنی ئەو مافانە هەنگاو بنێت. لێرەدا مەبەست لەکۆمەڵ (سیستمی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەی)یە، ژنیش بەشێکە لەکۆمەڵو لێی جیانابێتەوە، ئەگەرچی سەربەخۆیی خۆشی هەیە، بەڵام ناتوانێت پیشەو چالاکییەکانی مومارەسەبکات تەنها لەو چوارچێوە گشتیەدا نەبێت کەبۆی دیاریکراوە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵ بەگشتی تەنگو چەڵەمەو رێگری سەرەکی بێت لەپێش ژناندا، بێگومان ئەم بەشەی کۆمەڵ مومارەسەی پیشەکانی ناکات. باکۆمەڵ دان بەمافو دەسەڵاتە بۆ دیاریکراوەکانیشدا بنێت. دەبێتە حیبری سەرکاغەزو تەنها چەند پیتێکی بۆشو بەتاڵی بێ گیانو بێ جووڵە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کەدەبینین زۆربەی هاوڵاتیان دورەپەرێز دەبن لەمومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانیان. بۆیە ئەگەر پیاوان مومارەسەی مافەکانیان نەکەن ئیدی دەبێت ژنان چی بکەن!؟ بەشداریکردنو چوونە پێشەوەی ژنان بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافانە زۆر لاوازە، لەوانەیە تەنها تایبەت بێت بەچەند ژنێکی کەمو دیاریکراو.

دەستورو یاساکانی میسر ئازادی تەواو بەژنان دەدەن بۆ مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانیانو لەو بارەیەوە بەتەواوی لەگەڵ پیاودا یەکسانن، لەماددەی (40) لەدەستوری ئێستادا، کە

لەساڵی (1971)دا دانراوە، تیایدا هاتووە (هاوڵاتیان لەماف‌و ئەرکە گشتییەکانیاندا لەبەردەم یاسادا   یەکسانن، بەبێ جیاوازی رەگەز یان رەچەڵەك یان زمان یان ئاین یان بیروباوەڕ).

لەبنچینەدا واپێویست دەکات کەیاساو بەندەکان ئەم یەکسانییە بەرجەستە بکەن، ئەگینا بەندەکان دەستوری نابن.

بەڵام سەرەڕای ئەو بڕیارو دان پێدانانە بەمافی ژنان لەسەر ئاستی یاساو دەستوور، سەنگی سەرەکی ئەو بڕیارە، رادەی پراکتیزەکردنی یاساکانەو رەنگدانەوەیەتی لەسەر ئەرزی واقع، واتە کەلێنێکی گەورە، لەنێوان بڕیارەکانی یاساو دەستورو نێوان پراکتیزەکردنی لەژیانی رۆژانەدا، بەدیدەکرێت. ئەگەر (فقە)ی کۆن وای دەبینی، بێبەشکردنی ژنان لەمافی هەڵبژاردن پێچەوانەی پرنسیپە گشتییەکانی هەڵبژاردنە، (فقە)ی نوێ شتێکی جیاواز دەبینێت، لەژێر کاریگەری‌و فشاری ئەو پێشکەوتنە بێشومارەی لەپێکهاتەی کۆمەڵدا هاتووەتەدی لەرووی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و بەشداریکردنی ژنان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا شانبەشانی پیاوان. بەم پێیە ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان، بێبەشکردنی ژنان لەمافی هەڵبژاردن، بەپێچەوانەی پرەنسیپە دیموکراتیەکان‌و رۆحی هەڵبژاردنی دەزانن هەروەها یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو بووەتە بنچینەیەکی یاسایی لەزۆربەی وڵاتە





دیموکرتییەکاندا، مەبدەئی یەکسانی لەم بوارەدا بووەتە شتێکی جێگیر لەویژدانی مرۆڤی هاوچەرخدا.

## ژینگەی کــــــۆمەڵایەتــــیو ئــــــــابووریو مافە سیاسییەکانی ژنان:

رەوشەکانی تاك لەهەر کۆمەڵێکدا، تارادەیەکی زۆر بەژینگەی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە بەستراوە، بێگومان ئەم ژینگەیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیستمی سیاسی باوەوەو کاری بنەڕەتی لێدەکات، ژینگەش کاریگەری یەکلاکەرەوەی لەسەر سیستمی سیاسی هەیە، هەموو ئەمانەش رەنگدانەوەیان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت، لەروانگەی پیادەکردنی مافەکانیان یان لەدەستدانو سڕینەوەیان لەرووی تیۆریو پراکتیکییەوە.

رەوشە ئابوورییە باوەکان پلەو رادەی پێشکەوتنو ئاستی ژیانو گوزەرانی خەڵکی لەرووی مادییەوە دیاریدەکەن، رۆشنبیریو بەها باوەکان، یاساو رێبازەکانی پەروەردەو فێرکردن، هزرو دەزگاکانی راگەیاندنو فەلسەفەی سیستمی سیاسیو ئەوەی خەڵکی لەسەری راهاتوون، تێکڕا لەفۆرمەلەکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابووری کۆمەڵدا بەشداریدەکەن.

وەك تێبینی دەکرێ، تاوەکو کۆمەڵ هەوڵو کۆشش بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەیەکی شارستانی بکات، کە لەروانگەیەکی دیاریکراوی خەڵكو سیستمەوە سەرچاوەی گرتبێ، لەرێگەی چەند پلانێکی بوژێنەری ئابووریو پەروەردەییو فێرکاری کۆمەڵایەتیو





تەندروستیەوە بەئەنجام بگەیەندرێ، ژنانیش شانبەشانی پیاوان جێگای خۆیان دەکەنەوەو، هەوڵو ماندوبوونەکانیان لەپێناو پێشکەوتنی خۆیان لەکۆمەڵەکەیاندا، بەرجەستە دەبێ. بەڵام کاتێك پلانەکانی گەشەکردن بوونی نامێنیو دوربینی نامێنێتو گەل لەبارودۆخێکی پڕ قەیرانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو گوزەرانی خراپدا دەژیو، گەرای دەمارگیری دروستدەبێتو هەوڵەکانی خۆخۆییو تاکگەرایی لەرێگای چەند کردەوەیەکی نامۆو ناپەسەندو ناژیرانە زیاددەکات، لەم کاتەدا تاکەکان بەریەك دەکەونو دژیەك دەوەستن، هەموو هەوڵدەدەن بەسەر دارو پەردوی ئەوانی تردا تێپەڕنو لەئەنجامدا گەرای تیرۆرو دەمارگیری دروستدەبێت. کاتێك دادپەروەری نامێنێو داهاتو سامانی وڵات دادپەروەرانە بەسەر کۆمەڵدا دابەش ناکرێت، کۆمەڵ بێبەزەییانە دەبێت بەدوو بەشەوە: زۆرینەی رەها تێر سکی خۆیان ناخۆنو کەمینەیەکی خۆشگوزەران سامانی کۆمەڵ قۆرخ دەکەن..

کەمینەکە بۆ پارێزگاریکردن لەئیمتیازاتەکانیان زۆرینەکان بەکاروباری پەراوێزی لاوەکییەوە خەریکدەکەن، تاوەکو مەرجە پەسەندو پێویستییەکانی ژیان لەنیشتەجێبوونی گونجاوو خۆراکی تەندروستو جلو بەرگی باشو پۆشتەو رووبەرێك لەهەوای پاك کەخەڵك بەئازادی هەڵیمژێت، بوونی نەبێت ئەو خەڵکە زیاتر بەو

کارو کردەوە پەراوێزانەوە خەریکدەبنو دەمارگیرییان زیاتر دەبێت بۆیو هەژاریو بەدبەختییان پەرەدەسێنێتو هۆشیارییان نامێنێت، تاوەکو حەزو ئارەزەکانیان بەئاراستەی کاروبارە لاوەکیەکانەوە بێت، دژایەتی نێوانیان توندتر دەبێت، لەهەمان کاتدا دەمارگیری پەرەدەسەنێتو ژنانیش لەم کەشو هەوایەدا چەقی قورساییو جەمسەری نەهامەتییەکان دەبنو هەموو جۆرە تۆمەتێکیان ئاراستە دەکرێ، پاشان هەموو لەعنەتییەکیان لێدەکرێ، چونکە بەشێکن لەکردەوەی شەیتانو شەرمێکن لەهەموو کاتێکدا. لەجێی ئەوەی وەکو بوونەوەرێکی ئینسانی هاوبەشی پیاو سەیر بکرێ، بەهاوکارییان لەگەڵ یەکتردا زەوی ئاوەداندەکەنەوەو زاوزێ دەپارێزنو شارستانیەتێکی مەدەنی پێکدەهێننو دایدەمەزرێنن... بەبێ رەچاوکردنی ئەم مەبدەئانە حەزی شەڕانگێزی گەشەدەکاتو چەند هەورێك لەبیرکردنەوەی رەش باڵ بەسەر کۆمەڵدا دەکێشێتو فرێی دەداتە دۆڵی دواکەتنو نەهامەتییەوە.

ئەگەرچی ژنانی میسری، بەبەراورد لەگەڵ دەستە خوشکانی وڵاتانی دراوسێیاندا ماوەیەك پێشتر لەئەوان مافە سیاسییەکانیان بەدەستهێناوە، لەمیسردا کۆنترین بزوتنەوەی ژنان لەناوچەکەدا سەریهەڵداوە، کەدروشمیان ئازادی ژنو دان پێدانان





بەسەربەخۆییو ئیرادەی ژن بووە، لەم بارەیەوە زۆر ژنی بەناوبانگو پێشڕەو دەرکەوتن، نموونەی (هدى شعراوي) ئەم بزوتنەوانە چەند بەرهەمێکیان هەبوو، لەوانە وای لێهات ژنان لەزۆربەی شوێنەکاندا شانبەشانی پیاوان ئیش بکەن، ژمارەی خوێنەواران لەشارو تەنانەت لەدێهاتەکانیش زۆر زیادیکرد..

بەرامبەر هەموو ئەمانە راستو رەوا نییە ئێستا لەلایەن هەندێکەوە دەنگی ئەوە بەرزبکرێتەوەو بیانەوێ ئەو بارودۆخە راماڵنو تێکیبدەن. هەموو ئەو مافانەی ژنان پێی گەیشتوون ناکرێ لاقە بکرێ، چونکە لەسەر ئاستی یاساییو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوورییە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی راستییەکی رەوایەو ناکرێ بشێوێنرێو لەسەر ئاستی فەلسەفیو مێژوویش راستیەکی شارستانییە .. چۆن دەبێت پاش ئەو هەنگاوە دوورو درێژانەی ژنانی میسری ناویانەو دان بەمافە سیاسییەکانیاندا نراوە، جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەو مەسەلەیەو گفتوگۆ کردن لەسەری....واتە جارێکی تر گفتوگۆی شتە ئاساییو بەدیهیەکان بکەین.

بەلام ترس لەبەهێزبوونی باڵی ئەو هێرشە شەڕانگێزیانەیە، کەدژی ژنان بەرپابووەو، داوادەکەن ژنان لەچوارچێوەی ماڵدا لەقاوغ بدرێنو هەموو ئەو سەردەمە مێژووییە دورو درێژە بسڕنەوە..

بەدووبارەکردنەوەی ئەو وتانەی باس لەپێویستی گەڕانەوەی ژنان

..................................................................... و: جاسم محەمەد ............

بۆ نێوماڵ دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو وتانە لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە پەخشدەکرێن، لای زۆر لەژنان ئەو هەستەی دروستکردووە کەژنان کەم ژیرن‌و نەك هەر بۆ کاری سیاسی ناشێن، بەڵکو بۆ هیچ ئیش‌و کارێکی تریش ناشێن.. واتە ئەو قسەو باسانەو دووبارەکردنەوەیان باوەڕبەخۆبوونی لەلای ژنان لەدەستداوە، هەندێکیان باوەڕیان بەوە هێناوە کەرۆڵی ئەوان تەنها زاوزێ‌و شیردانە.

ئەگەر هاتوو باوەڕمان بەوە هەبێت، کەباش نییە مافەکانیان بڕیاری لەسەر بدرێ‌و ئیمتیازات بەژنانی مسیر بدرێت لەسەر ئاستی کاغەزو پەرتوك‌و لەدوو توێی یاساکاندا، بێ ئەوەی کۆشش نەکەین بۆ سازدانی ژینگەی چواردەوری بۆ ئەوەی ئامادەباش بێت بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافانە. کەواتە ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت، شورەییە تەنها داوای ئەو مافانە بکرێ بێ ئەوەی کار بۆ رەخساندنی کەش‌و هەوایەکی گونجاو نەکرێ بۆ ئەنجامدانی ئەو مافانەو بەواقعکردن‌و وەرگێڕانی لەسەر ئاستی تیۆرییەوە بۆ ئاستی کرداری‌و پراکتیکی... نموونەی ئەو حاڵەتە، ئەزموونەکانی ساڵانی پێشوو لە ( 1956)ەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەروونی نەهاتنە پێشەوەی ژنی میسری بۆ مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانی، دەرکەوت گوناهیشە ئەم بەرپرسیاریەتیە بەتەنها بخرێتە ئەستۆی





ژنان خۆیان، چونکە دورکەوتنەوە لەمومارەسەکردنی ئەو مافانە تەنها تایبەت نییە بەژنان، بەڵکو زۆربەی پیاوان کەمافی سیاسیان هەیە مومارەسەی ئەو مافانە ناکەن... بێگومان چەند هۆکارێك لەپشتی ئەم دیاردەیەوە هەیە... ئێمە پێویستمان بەوە نییە کەبڵێین متمانەی نێوان هاوڵاتی‌و ئیدارە چۆنە .. هەستی هاوڵاتی بەوەی کەدەنگەکەی لەهەڵبژاردندا بەهای نییە، چونکە ئەوەی ئیدارە گەرەکیەتی هەر ئەوە دەبێ‌و بڕیاری لەسەر دەدرێ... بەڵام هۆیەکانی تر بەهێزتر دەردەکەون بۆ روودانی ئەم دیاردەیە.. کەئەوانیش: کەمی هۆشیاری، سەرقاڵبوونی هاوڵاتی‌و گەڕان بەدوای پاروی بژێوی، هەروەها هەست نەکردن بەدڵنیایی لەژیانی ئەمڕۆ یان سبەینێدا.. بەئاسان بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیان، ئەم کەش‌و هەوایەو ژینگەیە بەهیچ شێوەیەك لەبار نییە بۆ هاوڵاتی بۆ مومارەسەکردنی مافە سیاسییەکانی‌و چوونە پێشەوەی‌و هاوبەشیکردنی سیاسی بەگەرم‌و گوڕی‌و جدییەوە.. ئەگەر ئەمە حاڵی پیاوان بێت، شتێکی ئاساییە ژنان نەیەنە پێشەوە بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافانە، چونکە ئەرك‌و قورسایی زۆری لەسەرە لەم ژینگەیەدا.. شانبەشانی ئیشی ماڵەوەی‌و ئاڵۆزی بەدەستهێنانی پێویستیەکانی نێوماڵ‌و گرانی‌و ناڕەحەتی گەیشتنی بەشوێنی ئیشەکەی‌و

**گەڕانەوەی زۆر ماندووی دەکات... واتە قەیرانەکەی دوو بەرابەرە.. ژنی میسری لەم ژینگەیەدا ناتوانێ بەجدیو گەرمو گوڕی هاوبەشی سیاسی بکات.**





## بەشی دووەم*

## بەشداری سیاسی

**چەند زانایەکی سۆسۆلۆجیای سیاسی هەوڵیانداوە پێناسەیەك بۆ بەشداری سیاسی دیاری بکەن، بۆ رونکردنەوەی ئەم پێناسەیە پێویستە یەکەم جار چەمکی بەشداریکردن بناسین.**

**بەشداریکردن بەوە پێناسەدەکرێت: (ئەو پرۆسەیەیە کەتاك لەرێگەیەوە رۆڵێك لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەبینێت، و هەلی بۆ دەڕەخسێ، لەدانانی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵداو دانانی باشترین رێوشوێن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئامانجانە) بەڵام بەشداریکردنی سیاسی (چالاکییە سیاسییە راستەوخۆکان (سەرەکییەکان) چالاکییە ناراستەوخۆکان (لاوەکییەکان) دەگرێتەوە. نموونەی بەشداریکردنی چالاکییە سیاسیە راستەوخۆکان: وەرگرتنی پلەی سیاسی، ئەندامێتی پارت –**

* ئەم بەشە پشت بەنووسینەکانی ئەم نووسەرانە دەبەستێت:
1. بدرية شوقى عبدالوهاب، المشاركة السياسية للمرأة، يونية1995، جامعة اسيوط
2.د. إجلال خليفة، الحركة النسائية الحديثة، القاهرة1973، المطبعة العربية الحديثة
3. احمد طه محمد، المرأة المصرية بين الماضى والحاضر، مطبعة دار التأليف، القاهرة1979
4. عبدالله هدية، المشاركة السياسية للمرأة، مقالات متعددة ومنشورة فى جريدة الوطن الكويتية .1985

رۆڵی سیاسی ژن ................................................................ و: جاسم محەمەد ...........

خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان – دەنگدان – گفتوگۆکردنی مەسەلە گشتییەکان.

هەرچی چالاکییە ناراستەخۆکانیشە، بەئاگابوونو هەڵوێست وەرگرتنە لەسەر کێشەو مەسەلەکان، هەروەها ئەندامێتی لەدەستەکانی خۆبەخشینو چەند شێوازێکی کارکردن لەگروپە سەرەتاییەکاندا.

پرۆسەی بەشداریکردن پشت بەچوار بنەما دەبەستێت:

1. بەشداریکرن واتا بەشداریکردنی ئاسۆیی نییە، واتە نێوان خەڵکێکی هاوسروشت، بەڵکو بەشداریکردنێکی ئاسۆیی ستونییە لەنێوان ئاستو دەستەو گروپە جیاوازەکاندا.
2. بڕیاردان لەپێناو نەخشەدانانو پرەنسیپەکانیدا، نابێت تەنها بدرێتە دەستی گروپێك، کەخۆی بەدەستە بژێری کۆمەڵو بەباشترو لەپێشتر بزانێت، بۆ دەستنیشانکردنی بنەماکانو دەرکردنی بڕیارەکان. بەڵکو دەبێت بەشداریکردنەکە جەماوەریو گشتیو بەرفراوان بێت، نەك تەنها بەشداریکردنێکی دەستە بژێر.
3. دەبێ پلاندانان رەنگدانەوەی پێویستییەکانی خەڵك بێت بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەت هەژارەکان. هەروەها نموونەکانی نەخشەو پلانی گەشەکردن نابێت دەستەبژێر دایبنێت، بەڵکو دەبێت جەماوەریش هاوبەشی لەدانانیدا بکەن.





4. پێویستە پرۆسەی بەشداریکردن دیسپلینو سانسۆرو چاودێریکردنو بەشداریکردن لەبڕیارداندا، شانبەشانی را گۆڕینەوە لەنێوان بنکەو لوتکەداو بەپێچەوانەوە لەخۆبگرێت. لەدیدی هەندێ لەزانایانی کۆمەڵناسییەوە، پلەکانی بەشداریکردن دەگۆڕێت. واتە بەشداریکردن شێوەیەکی هەرەمی هەیە، لوتکەکەی ژمارە (1)ە کەبەرزترین پلەی بەشداریکردنەو بنکەکەی ژمارە (10)یە، کەنزمترین پلەی بەشداریکردنە، لەنێوانیشیاندا پلەی جیاوازو جۆراوجۆری بەشداریکردن هەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- بەدەستهێنان یان وەرگرتنی پۆستێکی سیاسی یان کارگێڕی.
2- کۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی پۆستێکی سیاسی یان کارگێڕی.
3- ئەندامێتی چالاك لەرێکخراوێکی سیاسیدا.
4- ئەندامێتی ئاسایی لەرێکخراوێکی سیاسیدا.
5- ئەندامێتی چالاك لەرێکخراوێکی نیمچە سیاسیدا.
6- ئەندامێتی ئاسایی لەرێکخراوێکی نیمچە سیاسیدا.
7- بەشداریکردن لەکۆڕو کۆبوونەوە سیاسییە گشتییەکاندا.
8- بەشداریکردن لەگفتوگۆ سیاسییە نارەسمییەکاندا.
9- بایەخدانی گشتی بەسیاسەت.
10- دەنگدان.

........................................................................ و: جاسم محەمەد ...........

## بەشداری سیاسی ژنان

بەشێوەیەکی زۆر سەرەکی بەشداری سیاسی پشت بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، لەوانەیە هەندێ جار پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پاڵپێوەنەرو هاندەر بێت بۆ بەشداریکردنی سیاسیو لەوانەشە رێگرو بەربەست بێتو، بەشداریکردنی چەند گروپێك قەدەغەبکات (نموونەی ژنان).

هەروەها دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین کەبەشداریکردنی سیاسی پەیوەستە بەجۆرەکانی تری بەشداریکردنەوە لەکاروبارەکانی دیکەی ژیاندا. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر ژنان قەدەغەکرا لەچەند بوارێکی ژیاندا بەشداریبکەن، وەکو قەدەغەکردنی بەشداریکردنیان وەکو جەنگاوەر لەشەڕدا، لەوانەیە پێشبینی بەشداری نەکردنی لەچەند بوارێکی تردا بکەین، لەوانە بواری سیاسی، چونکە بەشداریکردن لەبواری سیاسیدا بەندە بەدیموکراتی بەشداریکردنی لەبوارەکانی تردا، هەروەها پشت بەیەکسانی تەواوی نێوان ژنو پیاو دەبەستێت، و ئەژمارکردنی ژن وەکو مرۆڤێك، واتە پیاوان چ مافێکیان هەیە ئەوانیش هەمان مافیان هەبێو چ ئەرکێك لەسەر شانی پیاوان بێت هەمان ئەرك بۆ ژنانیش بگونجێت.





بەشداریکردنی سیاسی بەیەکێك لەدیاردە شارستانیەکانی کۆمەڵ دادەنرێت (لەبەرئەوەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان بەگۆڕانی بارودۆخەکانو پلەکانی ئاوەدانی (ژیاری) دەگۆڕێت، پێشکەوتنی شارستانیو کۆمەڵایەتیش بەشوێنو پێگەی ژنان لەکۆمەڵدا دەپێورێتو، لەوانەیە پێشکەوتنی ماددیو ئەدەبی، رۆشنکردنەوەی بیرو هۆشو باشکردنی رەفتارو هەڵسوکەوتی بەدواوە بێت).

لەپاڵپشتانی بایەخی رۆڵی ژنان لەبەشداریکردنی سیاسیدا نوسەر (مصگفی المستکاوی)ە، کەدووپاتی دەکاتەوەو دەڵێ: دەبێ ژنان رۆڵی کاراو تەواوی خۆیان لەئیشو کاری سیاسیدا ببینن، بۆ ئەوەی کارایی تەواوو راستەوخۆو پتەویان لەبونیاتنانی کۆمەڵدا هەبێ، پێویستە ژنان بەبەرفراوانترین شێوەو لەسەر هەموو ئاستەکانو لەهەموو پێکهاتەو دەستەو گروپێکدا نوێنەرایەتیان هەبێو، هەلی گەورەیان بۆ برەخسێنرێ بۆ گەیشتن بەبەرفراوانترین ئاستی سەرکردایەتی. پێویستە یەکێتییەکانی ژنان هەموو توانایەکیان بدرێتێ، کەپشگیری لەچالاکییەکانیان بکاتو پشتڕاستیان بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن پەیامە مرۆییە سیاسییەکانیان لەخزمەتکردنی کۆمەڵدا بەدیبهێننو، رێكو پێکی سیستمی سیاسیش دووپاتبکرێتەوە.

بەڵام بۆ بەشداریکردنی ژنان لەسیاسەتدا پێویستە لەو داب‌و نەریتانە ئازاد بکرێن کەڕێ لەبەشداریکردنیان دەگرێت‌و، هەلیان بۆ دەرەخسێنێت بۆ سەلماندنی خودی خۆیان لەم بوارەدا، هەندێك لەنوسەران وای بۆ دەچن (ئازادی ژن‌و پیادەکردنی مافەسیاسییەکانی، مەسەلەیەکە بارودۆخ‌و پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و بەرهەمهێنان، کۆنترۆڵی کۆمەڵ دەکەن، بڕیاری لەسەردەدەن، چونکە ئەو پەیوەندیانە هەڵسوکەوتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ژن دیاریدەکەن). بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەم چەمکە، ئازادی ژن مەسەلەیەکە هێندەی ئەوەی پەیوەستە بەکۆمەڵەوە بەگشتی هێندە تایبەت نییە بەخودی ژنەوە، ژنیش تەنها بەشێکە لەکۆمەڵ، بۆیە دەبێ ئازادی ژن ببەسرێتەوە بەئازادی کۆمەڵ بەگشتی‌و بەهەموو رەنگەکانی زەبرو زەنگ‌و چەوساندنەوەوە، واتە ببەسرێتەوە بەشۆرشی پیشەسازییەوە.

لەهەموو ئەوانەی سەرەوە دەردەکەوێ، کەناکرێ دوور لەسیستمی کۆمەڵایەتی باوی نێو کۆمەڵ، لەرەفتاری سیاسی تاك تێبگەین چونکە رەفتاری سیاسی بەشێکە لەرەفتار بەشێوەیەکی گشتی. رەفتاری تاکیش لەبەهاو داب‌و نەریت‌و سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی باوی نێو کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێ، شێوەی بەشداریکردنی سیاسی ژنان‌و رادەی بەهێزی بەشداریکردنیان لەسەر هەموو ئەو





رەگەزانە دەوەستێت کەباسکران، واتە بونیاتی کۆمەڵایەتی‌و داب‌و نەریتەکان وا لەبەشدارکردنەکان دەکەن تەنها بەشداریکردنێکی رووکەش بێت، بەمانایەکی تر یاسا مافی بەشداریکردن بەژنان دەدات‌و ناتوانێت لێی زەوت بکات، بەڵام کاتێك دێتە سەرجێبەجێکردن دەبینین چەند رێگرییەك هەیە نایەڵێ ژنان لەچەندین چالاکی نێو کۆمەڵدا بەشدارییکەن، لەوانەش بەشداریکردنی سیاسی.

ئەم تەنگ‌و چەڵەمانە وەکو بەربەستێکی رێگر وان کەوا لەژنان دەکەن، هەرچەندە بگەنە ئاستێکی بەرزی خوێندن‌و لەئاستێکی باڵاشدا پلەکان ببڕن، هەر بەستراون‌و کۆت‌و بەندکراون..

بەم واتایە بەشداریکردنی سیاسی مەسەلەیەکی پەیوەستە بەواقعی کۆمەڵایەتییەوە، کەزیاتر لەنێو کۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا ئەو واقعە لەبارو باوە و، بەڵگەن لەسەر رادەی ئازادی‌و هۆشیاری ئەو کۆمەڵانەو ئەو ئاستەی پێیگەیشتون. ئەگەر ژنان بەشداربن لەبواری سیاسیدا، ئەوا رێزگرتنێکە لەپێگەو شوێنیان‌و پایەیەکیشە بۆ ئەو کۆمەڵەی کەبەشداریەکەی تێدا ئەنجامدراوە، چونکە کۆمەڵ هەل بەژن دەبەخشێت‌و بۆی دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی لەبواری سیاسییدا بەشداربێت، کۆمەڵێك کەگەیشتوەتە بەرزترین پلەی پێشکەوتن‌و شارستانی‌و لەمەشدا دان پێدانانێکی

تەواو بەدیدەکرێت بۆ ئەو رۆڵە گرنگەی کەژن لەبوارەکانی دیکەی ژیاندا دەیگێڕێت، وەکو بواری پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ئەفراندنی ئاڕاستەو هەڵوێستە فکرییەکان بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەك کەدەتوانرێ پشتی پێببەسترێ بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی روناکو پرشنگدار.





**بەشداری سیاسی راستەوخۆی ژنی میسری:**

پێشتر رونمان کردەوە، کەبەشداریکردنی سیاسی (چالاکییە سیاسییە راستەوخۆکان "سەرەکیەکان"و چالاکییە ناڕاستەوخۆکان "لاوەکییەکان"، دەگرێتەوە، نموونەی بەشداریکردن لەچالاکیە سیاسییە راستەوخۆکاندا وەك: بەدەستهێنانی پۆستێکی سیاسی، ئەندامێتی پارت، خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردنەکاندا، دەنگدانو گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلە گشتییەکان.

بەڵام نموونەی چالاکییە ناڕاستەوخۆکان وەك بەئاگابوونو هەڵوێست وەرگرتنە لەمەسەلە گشتییەکاندا، ئەندامێتی لەدەستە خۆبەخشەکانو چەند شێوازێکی دیکەی کارکردن لەگروپە سەرەتاییەکاندا.

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا باس لەچەند بوارێکی بەشداریکردنی سیاسی راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەکەین، کەدەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەستنیشانیان بکەین:

**1. ژنانو وەرگرتنی پۆستە سیاسییەکان:**

پۆستی سیاسی لەرێگەی بردنەوە لەهەڵبژاردنەکاندا یان دامەزراندنی راستەوخۆوە بەدەستدەهێنرێت. ئەو کەسەی بۆ هەڵسوڕاندنی ئیشو کارەکانی پۆستێك هەڵبژێردراوە، هەڵدەستێ

........................................................................ و: جاسم محەمەد ............

بەچەند کارێکی دیاریکراو کەپۆستەکەی بۆی دیاریدەکات.

لەخوارەوە دەتوانین چەند پۆستێکی سیاسی گرنگ دەستنیشان بکەین کەژنان بەدەستیانهێناوە.

أ – ژن لەوەزارەتەکاندا: دکتۆرە (حیکمەت ئەبو زەید) بەیەکەم ژن دادەنرێت کەپۆستی وەزیری بەدەستهێناوە، ئەویش لەساڵی 1962دا، کە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە وەکو وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزرێنرا.

لەساڵی 1971 دکتۆرە (عائیشە راتب) بەهەمان پۆست دامەزرا، تاوەکو ساڵی 1977 لەکارەکەی بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی کەدکتۆرە ئەمەل عوسمان بەوەزیری بیمە کۆمەڵایەتییەکان دامەزرا، لەپاش ئەویش د. ئامینە جندی هەمان پۆستی بەدەستهێنا. لەراستیدا رۆڵی سەرەکی هاندانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی ئەم پلەو پایانە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵو کۆششەکانی خاتوو سۆزان موبارەك.

ب – ژن لەئەنجومەنی گەلدا: ساڵی 1957 بەیەکێك لەساڵە یەکلاییکەرەوەکانی مێژووی خەباتی ژنان دادەنرێت، چونکە لەم ساڵەداو بۆ یەکەم جار ژن لەئەنجومەنی گەلدا بوو بەئەندام.

ت – بەڵام وەك تێبینی دەکرێ رێژەی خانمان لەئەنجومەنی گەلدا زۆر نزم بووە بەبەراورد لەگەڵ ئەندامە پیاوەکاندا. ئەم





راستیە لەم ژمارانەی بەردەستماندا بەروونی بەدەردەکەوێت رێژەی ژنان لەهەڵبژاردنەکانی شەش ساڵی( 1957، 1964، 1969، 1971، 1976، 1979) یەك لەدوای یەك بەم شێوەیە بووە ( 6,..٪ ، 7,..٪، 2,5٪ ، 1,4٪، 8,7٪ ).

((جێی وەبیر هێنانەوەیە، بەرزبوونەوەی رێژەکە لەخولی 1979 وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارە مێژووییەی کەسەرۆك (محەمەد ئەنوەر ئەلسادات) بەژمارە (– 2 – لەساڵی 1979) دەریکرد، کە(30) کورسی لە( 30) بازنەی هەڵبژاردندا بەژنان بەخشی))

لەساڵانی دواتریشدا بەشداریکردنەکە لەهەڵبەزو دابەزدا بوو، تاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل لەساڵی 2000دا، دەسەڵاتدارن ناچاردەبن چەند خانمێك بەدامەزراندن دابنێن لەو رێژەیەی بۆیان دیاریکراوە، کە(10) کورسییە.

ج– ژن لەئەنجومەنی گەڕەکەکاندا: بۆ یەکەم جار لەیۆلیۆی 1969دا ژن لەئەنجومەنی گەڕەکەکاندا بوو بەئەندام، کاتێك کەدوو ئەندامی ژن لەئەنجومەنی گەڕەکی (وسگ الاسکندریە) دامەزران. لەساڵی ( 1975)یش حەوت ئەندام لەئەنجومەنی گەڕەکەکانی پارێزگای " الدقهلیە"و پێنج ئەندام لەئەنجومەنی گەڕەکەکانی قاهیرە، چوار ئەندام لەئەنجومەنی گەڕەکەکانی (ئەسکەندەریە) (3) ئەندام لەهەریەك لە(القلیوبیە والشرقیە)و دوو

ئەندام لە (الاسماعیلیە) و ئەندامێکیش لە (الدمیاگ) هەڵبژێردران.

خاتوو "جیهان سادات" بەسەرۆکی ئەنجومەنی گەڕەکەکانی پارێزگای (المنوفیە) هەڵبژێردرا، بەم پێیە بوو بەیەکەم ژن کەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی گەڕەکەکان بکات لەسەر ئاستی پارێزگا.

پاش ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لەسایەی یاسای نوێی دەسەڵاتدارێتی ناوچەیی لەساڵی 1979دا، 2409 ژن ئەندامێتی ئەنجومەنی گەڕەکەکانیان بەدەستهێنا، لەکۆی 23947 ئەندام لەسەر ئاستی وڵات.

### 2– ژنانو رێکخستنە سیاسییەکان:

ئەگەرچی ژنی میسری بەشێوەیەکی نارەسمی بەشداری لەچەند رێکخراوێکی سیاسیدا کردبوو، بەڵام ئەم بەشداریکردنە تاوەکو سەردەمی شۆڕش شێوازێکی روونی بەخۆیەوە نەدیبوو تاکو ساڵی 1953 ژنان بەشدارییان لەدەستەو گروپەکانی رزگاریدا کردو بەشێوەیەکی بەرفراوان هاوبەشییان لەهێزەکانی (پاسەوانی نیشتمانی)دا کرد.

(هەروەها ژنان رۆڵی کاریگەرو گرنگیان هەبووە لەیەکێتی نەتەوەییو یەکێتی سۆسیالستیدا، کەژنان تیایاندا لێهاتوویی خۆیان سەلماند، تاڕادەی ئەوەی ژمارەی ئەندامە ژنەکان گەیشتە





228930 ئەندام، واتە بەڕێژەی 4,8٪ی کۆی گشتی ژمارەی ئەندامەکانی. لەم بارەیەوە چەند یاسایەك بۆ هاندانی ژنان بۆ هاوبەشیکردنیان لەرێکخستنەکانی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی دەرکرا، لەوانە دوو کورسی لەهەموو ئۆرگانێکی سەرەکی لەئۆرگانەکاندا تایبەت کرا بەژنانو بۆ ئەوان تەرخانکرا).

### 3– ژنو رێکخراوەکانی ژنان:

تاوەکو ساڵی 1953 رێکخراوی ژنان بەشێوەی رەسمی دانەمەزرابوو کاتێك کەداوا لە د. (سهیر ئەلقلماوی) کرا کەلێکۆڵینەوە لەپێکهێنانی رێکخراوێکی ژنان بکات لەمیسردا، بەڵام چەند ئاڵۆزیو گیروگرفتێك رێگربوون لەبەردەم جێبەجێکردنی بیرۆکەکە بەشێوەیەکی رەسمی.

((کاتی دامەزراندنی یەکێتی نەتەوەیی (یەکێتی ژنان)ی وەکو یەکێك لەو نوسینگە سەرەکیانەی کەلیژنەی ناوەندی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبی لێ پێکدەهات، دامەزراندوو خاتوو کەریمە سەعید بەڕێوەی دەبرد. لە7ی سێبتەمبەری 1975 بڕیاری ژمارە (31)ی سەرۆکی یەکێتی سۆسیالیستی بەدامەزراندنی رێکخراوێکی ژنان دەرچوو بۆ دەرگا واڵاکردن لەبەردەم ژنان بۆ پێشکەشکردنی داوای بەئەندام بوون لەرێکخراوی ژنانو، هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی کۆمار ئەنجامدرا. لەساڵی

1977 سیستمی بنچینەیی  ڕێکخراوەکە دەستکاری کراو، بوو بەڕێکخراوێکی نەتەوەیی خاوەن کەسایەتییەکی باوەڕپێکراو)) هەوڵو کۆششەکانی خاتوو سۆزان موبارەك، لەپێکهێنانی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی بۆ ژنان ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو، ڕۆڵێکی کارای لەبەگەڕخستنی توانای ژنانو فراوانکردنی بەشداریکردنیان لەژیانی سیاسیو گشتیدا بینی.

گرنگترین ئامانجەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان  لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ. بەگەڕخستنو کۆکردنەوەی ژنان لەپارێزگا جیاجیاکانی ولاتدا.

ب. بەگەڕخستنی هەوڵو کۆششەکانیان بۆ بەئەنجامگەیاندنی سەرجەم ئەو ئەرکانەی کەکۆمەڵ بەسەریاندا دەیسەپێنێت.

ت. هۆشیارکردنەوەی ژنان بەرامبەر بەمافە سیاسییو نەتەوەییەکانو، بەرچاوڕوونییان بۆ ئامرازەکانی پیادەکردنی ئەو مافانە.

پ. ئاڕاستەکردنی ژنان بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان لەخشتەکانی هەڵبژاردندا.

ج. خۆڕێکخستن بۆ بەئەندام بوون لەڕێکخراوی سیاسییدا.





ح. ڕێکخستنی هاوبەشی ژنان لەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیو تەندروستییەکانو ئەوانیتردا.

### 4- ژنو ئەندامێتی لەپارتەکاندا:

مستەفا کامل پێشوازی لەژنان لەریزەکانی پارتی نیشتمانیدا کرد، بەڵام دابو نەریتەکان تاوەکو ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕێگەیان بەئەندامێتی ژن نەدەدا. تەنها بەناخو بەگوتاری خۆیان هاوبەشیان دەکردو بەو چالاکیانەی کەداوایان لێدەکرا. تاوەکو ساڵی 1908 مستەفا کامل کۆچی دوایی کرد، خاتوو "زەینەب ئەلفەواز" لەچلەکەیداو لە 20ی مارسی هەمان ساڵدا، گوتارێکی پێشکەشی خانمان کردو ئەمە یەکێك بوو لەشتە سەرسوڕهێنەرەکانی مستەفا کاملو سەردەمەکەی.

ئەگەرچی بارودۆخی ئەو دەمە ڕێگەی بەدانپێدانان بەئەندامێتی ژنان لەپارتەکاندا نەدەدا، بەڵام لەساڵی 1941 ژنان چوونە پاڵ ئەندامانی پارتی نیشتمانی لەخۆپیشاندانێکی جەماوەری گشتیدا کەئەوێ ڕۆژێ ئەو پارتە ڕێکیخستبوو.

لەساڵی 1919 یەکەم لیژنەی (السیدات الوفدیات) پێکهات، کەگرنگترین ئامانجەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزمو

تیمارکردنی بریندارەکان بوو لەشۆڕشی دژ بەئینگلیزدا. یەکەم لیژنە بەسەرۆکایەتی (شەریفە حاتەم ریاچ) پێکهات‌و، خاتوو (هودا شعراوی) گرنگترین ئەندامەکانی بوو، پاشان چەندین لیژنەی هاوشێوە لەسەرانسەری وڵاتدا پێکهات بۆ رێکخستنی خەباتی ژنانی میسری لەپێناو ئازادی‌و سەربەخۆیدا. شایەنی باسە (صفیە زغلول) دایکی میسرییەکان سەرۆکی شەرەفی لیژنەی (السیدات الوفدیات)و سەرجەم لیژنەی وەفدەکانی خاتوونە میسرییەکان بوو.

بەم پێیە ئەندامێتی ژنان لەپارتەکاندا پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینی، بەتایبەت لەسەردەمی شۆڕشدا، کاتێك کەرێ بەژنان درا پەیوەندی بەپارتەکانەوە بکەن، پاش ئەوەی کەئیش‌و کارو چالاکی حزبی لەمیسردا رێگەی پێدرا. بەم کارەش دەوڵەت توانی بوارێکی دیکە لەبوارەکانی بەشداریکردنی سیاسی لەچەرخی نوێدا پێشبخات.

### 5– ژن لەهەڵبژاردنەکاندا

دەستوری میسری لەساڵی (1956)ەوە مافی خۆکاندیدکرن‌و دەنگدانی بەژنان بەخشیوە، بەڵام وەك لەئامارەکاندا دەردەکەوێ، ئەگەرچی زۆر لەخانمان ئەم مافانەیان لەپاش خەباتێکی بێوچان بەدەستهێناوە، کەچی مومارەسەی





ناکەن. ژنانی میسری لەهەڵبژاردنەکاندا بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە نەهاتووەتە پێشەوە.

ئامارەکان وایپیشان دەدەن (ژمارەی ئەو ژنانەی لەخشتەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 1957دا، ناویان تۆمارکردووە، گەیشتبووە نزیکەی (144983) دەنگدەر، بەرامبەر بە(5575692) دەنگدەری پیاو، بەڵام لەهەمان ساڵدا رێژەی ئەو ژنانەی کەمافیان لەدەنگداندا لەسەر دەستورو سەرۆکایەتی کۆمار مومارەسەکردووە، گەیشتووەتە نزیکەی 2,7٪ی کۆی دەنگدەران بە(نێرو مێ)وە.

لەساڵی 1975دا ژمارە تۆمارکراوەکانی خشتەی هەڵبژاردنەکان گەیشتە 9,564,482 کەس، لەنێوانیاندا 1,565,517 کەسیان مێینە بوون، واتە بەرێژەی 16٪.

هەندێك لەلێکۆڵیاران، هۆی دورکەوتنەوەی ژنان لەبەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکاندا، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی تاوەکو ساڵی 1979 خۆ تۆمارکردن لەخشتەکانی دەنگداندا ئارەزوومەندانە بووە، بەڵام لەساڵی 1979دا سەرۆك محەمەد ئەنوەر سادات، بڕیارێکی دەرکردو تیایدا خۆ تۆمارکردنی لەخشتەکانی دەنگداندا کردە ئیجباری. لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا بەو شێوەیەی کەچاوەڕوان دەکرێت، ژنان بەشداری ناکەن

لەو بوارەدا. بێگومان چەند هۆکارێك لەبەشداریکردنی سیاسییاندا دەبنە رێگرو گیروگرفتو دێنە پێش ژنان، کەدواتر گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**6– ژن لەیەکێتی ژناندا:**

ساڵی 1923 بەسەرکردایەتی خاتوو (هودا شعراوی) یەکێتی ژنانی میسر دامەزرا، کە لەو سەردەمەدا گرنگترین ئامانجەکانی، داواکردنی مافە سیاسییەکانی ژنان بەشێوەیەکی گشتیو مافی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی تایبەتیو ، هەروەها مافی یاسادانان بوو.

(لەساڵی 1938 یەکێتی ژنانی میسر رۆڵێکی گرنگی لەسەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکدا هەبوو لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، کاتێك کەیەکەمین کۆنگرەی ژنانی عەرەب لەقاهرەو لەئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا ( 1938) بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا وەفدی ژنانی میسر، سوریا، عێراق، لوبنان، ئوردنو فەلەستین بەشداربوونو تیایدا دۆزی ژنان لەهەموو لایەنەکانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا پاشان یەکێتییەکە چەندین خولی بۆ گفتوگۆکردنی سەرجەم مەسەلەکانی تایبەت بەژنان تەرخانکرد، لەوانە مەسەلە سیاسییەکانو ئەو بابەتانەی کەجێی گرنگی پێدانی کۆمەڵن بەگشتیو ژنانو خێزان بەتایبەتی (لەساڵی 1944 بەسەرۆکایەتی خاتوو "هودا شعراوی" ژنانی عەرەب لەرێکخراوی (یەکێتی ژنانی





عەرەبی دایك)دا خۆیان رێکخست. دامەزراندنی ئەم رێکخراوە یەکێك بوو لەگرنگترین ئەو مەسەلانەی کەژنانی عەرەب بەشداریو هاوبەشییان تێداکرد لەباسکردنو سەرخستنی کارەکانیانداو گوزارشتێکیش بوو بۆ جۆشو خرۆشی نیشتمانیو سیاسی.

بەدرێژایی چەند ساڵێکو لەچەندین دانیشتندا، رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەرونکردنەوەی زۆر لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتی تایبەت بەجیهانی عەرەب.

**کاریگەری بەشداری سیاسی ژنان**

باسمان لەو مێژووە دوورو درێژە کرد، کەژنان پێیدا تێپەڕبوون تاوەکو مافە سیاسییەکانیان بەدەستهێناوە، لەوانەیە هەندێ لەچاودێران ئەم پرسیارە بکەن: کاریگەری بەشداریکردنی سیاسی ژنان چییە؟ لەراستیدا مرۆڤ دەتوانێ چەندین کاریگەری ئەم بەشداریکردنە هەست پێبکاتو بیزانێت، کە لەم خاڵانەدا کورتیان دەکەینەوە:

1 – هەستکردنی ژنان بەگرنگیو بایەخی خۆیانو بەوەی کەئەندامێکی سودبەخشو باشی کۆمەڵنو لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، هەمان ئەو مافانەیان هەیە کەپیاو هەیەتیو ئەو ئەرکانەشیان لەسەرە کە لەسەر پیاوە.

........................................................................ و: جاسم محەمەد ............

2 – ئەمڕۆ ژنان هاوبەشی لەسەرجەم چالاکیو پیشە جۆراوجۆرەکانی ولاٌتدا دەکەن، تا ئەو ئاستەی توانیویانە بگەنە پۆستی وەزیر، بۆیە پێدانی مافە سیاسییەکانی ژنان ڕێزو پێزانینێکی گەورەیە بۆ ئەو ئەرکانەی بەرامبەر بەکۆمەڵ پێی هەڵدەستن.

3 – ژنان لەچەند بوارێکی تایبەتدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، وەکو بوارەکانی خێزانو منداڵ (ئەزموونەکان سەلماندویانە کەژنان کاریگەری چاکیان هەیە لەدانانی ئەو یاسایانەی کەتایبەتن بەپاراستنی دایکایەتیو تەندروستی گشتیو، بابەتە کۆمەلاٌیەتییەکانی وەکو دژایەتیکردنی مەی خواردنەوەو ئەوانی تر) بەم پێیە ژنان بەحوکمی سروشتەکەیان دەتوانن لەچارەسەرکرنی زۆر کێشەی خێزاندا رۆڵی خۆیان ببینن.

4 – ئەو ولاٌتانەی کەمافەکانی ژنان بەتەواوی دەستەبەر دەکەن، لەلایەن ژنانیشەوە هاوکاریو هەماهەنگی تەواودەکرێن، بۆیە هەوڵو کۆششدەکەن بۆ ئەوەی هەرچی لەتوانایاندایە بۆ پێشکەوتنی ولاٌتەکەیان درێغی نەکەن.

5 – چەند شتێك هەیە تایبەتە بەژنانو لەوانەیە پیاوان تێنەگەن یان پشگوێی بخەن، بەلاٌم بوونی ژنان لەپۆستە سیاسییەکانداو بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی گشتی لەسیاسەتدا،





یارمەتیدەرە بۆ روونکردنەوەی ئەو جۆرە شتانە، تاوەکو لەکاتی دانانی سیاسەتی گشتی ولاٌتدا بەهەند وەربگیرێ.

کۆبەندی قسەکان، بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانی ژنانو، ڕێزو پێزانینو دانپێدانانە بەتواناو لێهاتوییان لەهاوبەشیکردنی کۆمەڵو وەرگرتنی بیرو رایان لەزۆر مەسەلەدا. هەروەها پراکتیزە کردنێکە بۆ شەریعەتی ئیسلامی.

**ڕێگرییەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ژنان:**

پێشتر روونمانکردەوە کەئەگەرچی ژنان مافە سیاسییەکانیان بەدەستهێناوە، بەلاٌم تەنها کەمینەیەکیان مومارەسەی ئەو مافانە دەکەن.

لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا بۆمان دەرکەوت، کە بەشداریکردنی سیاسی پەیوەندی بەبەشداریکردنی ژنانەوە هەیە لەبوارەکانی دیکەی ژیاندا. هەروەها سیستمی کۆمەلاٌیەتیو دابو نەریتو بەهاکان لەوانەیە پاڵپشتێك بن بۆ ژن بۆ ئەوەی بەشداری سیاسەت بکەن، لەوانەشە ڕێگرو بەربەست بن لەپێشیدا. واتە ئەو ڕێگریانەی کەدێنە ڕێی ژنانو نایەڵن بەشداری سیاسییان هەبێت، لەهەناوی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن بەها کۆمەلاٌیەتییەکان دابو

................................................................................ و: جاسم محەمەد ............

نەریتو سیستمی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەوانە بەربەستی پتەونو ژنان لەبەشداریکردنی سیاسی بێبەش دەکەن.

لەم بارەیەوە دەرئەنجامی چەند توێژینەوەیەك دەریخستووە، کەرازینەبوون بەبەخشینی مافی هەڵبژاردن بەژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (دابو نەریتەکان ئەو مافە یاساغ دەکەن، ژن تەنها بۆ ماڵە، ژن ژیریو ئاینی ناتەواوە (المرأە ناقصە عقل و دین) ئاینن ئەو مافەی لێ حەرامکردووە. ئەم دەرئەنجامانەش لەگەڵ پێوانەی رای گشتی لەشاری قاهیرە، دەربارەی بەخشینی مافی سیاسی بەژنان، یەکدەگرێتەوە).

لێرەدا هەوڵدەدەین باس لەرێگرییەکانی بەردەم بەشداریکردنی سیاسی ژنان بکەین. کەدەتوانین لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

**1 –گەشەکردنی کۆمەڵایەتی:**

گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ژنان لەگەشەی کۆمەڵایەتی پیاوان جیاوازە، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ژنان بۆ رۆڵی (مێینە) ئامادەو گۆش دەکات، وەك ئەوەی کەیبانوویەکی نموونەیی یان ژنێکی چاك بێت....تد.

پشت بەستن بەم بنەمایەو، گرنگیو بایەخ پێدانیان پەیوەستە بەجیهانی (مێینەوە)، کەدواتر کچ لەسەری رادەهێن





وەك ئەوەی فێری بەرگدروییو چێشت لێنانو بەڕێوەبردنی ماڵ..تد، ببێت. مەسەلە سیاسییەکان وا دادەنێن کەنێرێتی تێدایەو هیچ گرنگی پێنادەن، بەدەستێوەردانی دەزانن لەجیهانی پیاواندا.

وەك دەزانین هەڵسوکەوتو رەفتاری مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرفراوان پشت بەپەروەردەی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. مارگرید مید لەسێ توێژینەوەی جیاجیادا ئەم پەیوەندییەی رونکردۆتەوە(پەیوەندی نێوان رەفتاو پەروەردەی کۆمەڵایەتی) ئەویش لەمیانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر سێ خێڵی جیاجیا کەجۆری پەروەردەیان جیاوازبووە، لەئەنجامدا دەرکەوتووە کەرەفتاری ژن لەهەریەکەیاندا جیاوازە لەوی تر.

وەك تێبینیش دەکرێ لەکۆمەڵی میسریدا، دایکان کچەکانیان فێردەکەن کەژنێکی باشو چێشت لێنەرێکی لێهاتوو دایکێکی بەسۆز بن، و هیچ ئامۆژگارییەکیان ناکەن کەوایان لێبکەن لەئایندەدا بەشداری لەبوارە سیاسییەکاندا بکەن.

هەروەها لەچەند وڵاتێکی پێشکەوتودا، لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە نموونەی لێکۆڵینەوەکەی (سۆزان مکیر) لە (U.S.A) کە((سەرەڕای ئەو ئازادییەی بۆ ژنان فەراهەم بووە، بایەخدانی ژنان زیاتر لەمەسەلەکانی تایبەت بەمێردو ماڵو منداڵدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە پەروەردەی کۆمەڵایەتی کچان لەدەوری

وەرگرتنی شارەزایی جۆراوجۆردا چڕدەبێتەوە، کاتێك کەرۆژێك لەرۆژان دەبێتە ژنی ماڵ (پاش شوکردنی) ئەو زانیاریو شارەزاییە بەکاردێنێ. لەئەنجامی ئەم پەروەردە کۆمەڵایەتییەوە، دەبینین ڕێژەیەکی کەمی ژنان هاوبەشی لەکاری سیاسیدا دەکەن. لێرەوە پێویستە ئەوە بزانین کەبەشداری نەکردنی ژنان لەبواری سیاسیدا دیاردەیەکە لەزۆربەی کۆمەڵەکانی جیهاندا بوونی هەیە)).

**2 – نەخوێندەواری:**

نەخوێندەواری بەیەکێك لەفاکتەرە سەرەکییەکانی پێشنەکەوتن بەشێوەیەکی گشتیو پێشنەکەوتنی ژنان بەتایبەتی، دادەنرێت. پێشتر رونمان کردەوە کەرێژەیەکی زۆری خانمان نەخوێندەوارن، وەك ئاشکرایە خوێندەواری زانیاریو هۆش فراوان دەکاتو یارمەتی مرۆڤ دەدات کەمافو ئەرکەکانی خۆی بزانێتو، بزانێت چۆن بەشداری لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا دەکات.

(لیبست) پەیوەندییەکی پۆزەتیڤانەی نێوان خوێندەواریو دەنگدانی دۆزیوەتەوە، کەیەکێکە لەشێوەکانی بەشداریکردنی سیاسی.

**3 – کەمی کات:**

ژنان لەژیانی رۆژانەیاندا چەند ئەرکێك ئەنجامدەدەن، سەرەڕای کاری سەرەکی خۆیان لەدەرەوەی ماڵ (ئەگەر





هەیانبوو)، هەر ئەوان بەرپرسن لەپاککردنەوەی نێو ماڵو ئامادەکردنی چێشتو هاوکاریکردنی منداڵەکانیان لەئەرکەکانیاندا. وەك تێبینی دەکرێ ئیشو کارەکانی ژنان پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە بۆ جێبەجێکردنیان. زۆرجاریش گوێمان لەوە دەبێت ژنێك دەڵێت (کاتم نییە) لەبەر زۆری سەرقاڵبوونی لەماڵدا. ئەو یەکەم کەسە کەبەیانی زوو لەخەو هەڵدەستێو دوا کەسیشە کەسەر دەخاتە سەر سەرین. دەرئەنجام (ژن کاتی پێویست نادۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی دیکە لەدەرەوەی ماڵ، وەکو بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان یان لەدەنگداندا یان ئەو شتانەی تر کەپەیوەندیان بەبەشداریکردنی سیاسییەوە هەیە.

**4 – نەریتو چاو لێکەری:**

چەند کارو کردەوەیەك هەیە، کەهەر رەگەزێك سەربەخۆ ئەنجامیدەداتو خەڵکی لێی قبوڵ دەکات، چونکە لەسەری راهاتوون. پیاو تایبەتە بەچەند ئیشو کارێك کە– پیاوێتی– تێیدایە وەك: (تەکنیککار، ئەندازیار، شۆفێری، ئەندام لەپارتێکدا...تد)، هەروەها چەند ئیشو کارێکی دیاریکراو هەیە کەپەیوەندییان بەژنانەوە هەیە، وەك وانە وتنەوە (مامۆستایی)، پەرستاریو سکرتێریو...تد ئەو کارانەی تر کەژنان سەرکەوتنو لێهاتووییان تێدا بەدەستهێناوە.

لەبەرئەوەی کۆمەڵ وا راهاتووە، کەهەر رەگەزەو بەو کارە هەستێت کەبۆی دەشێ– بەپێی دابو نەریتەکان– ، هەربۆیە ئاراستەی ژنان بەرەو سیاسەت بەلادانێك لەدابو نەریتەکان دادەنرێت، چونکە (وا باوە) ئیشو کاری سیاسی تایبەتە بەپیاو نەك ژن.

**5 – تایبەتمەندییە کەسییەکان:**

لەنێوان خەڵکی کۆمەڵی میسریدا ئەو بیرۆکەیە باوە، کەژنان بەسۆزنو ناتوانن عەقڵی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن لەچەندین مەسەلەو هەڵوێستدا، بەڵام پیاوان لەهەموو مەسەلەکاندا عەقڵ بەکاردەهێنێت. (ژنان کەم عەقڵو کەم ئاینن) لەبەرئەوەی مەسەلە سیاسییەکان بەهیچ شێوەیەك پەیوەندییان بەسۆزەوە نییە، بەڵکو لەسەر سیاسەتمەدار پێویستە بەوردی بیر بکاتەوەو بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشەکان، هزر بەکاربهێنێت. بۆیە ئەم فاکتەرە وەکو بەربەستێك دەبێت لەبەردەم بەشداریکردنی سیاسی ژنان. بێگومان ئەم راو بۆچوونە دەربارەی ژنان راستو دروست نییە.

**6 – پێویستتییەکانی ژیانی سیاسی:**

لەبەرئەوەی سیاسەتمەدار پێویستی بەوە هەیە، بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی بەژیانی گشتییەوە هەبێت.





وەکو هاوبەشیکردن لەکۆڕو سیمینارەکاندا، یان لەگفتوگۆی مەسەلەکاندا ...تد. لەبەرئەوەی ژیانی ژن نیمچە نهێنییەو موڵکی هەموان نییە، شوێنی بنەرەتی ئەو (دایکایەتی)ە لە ماڵەکەی خۆیدا بۆیە زۆر لەپیاوان نایەڵن ژنەکانیان بەشداری لەبواری سیاسیدا بکەن.

**7 – شێوازی بەشداریکردنەکە:**

دەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا بەگەورەترینو بەرفراوانترین جۆرەکانی بەشداریکردنی سیاسی دادەنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ژنان کارتی هەڵبژاردن دەربهێنن، پێویستە لەسەریان پەیوەندی بەبنکەی پۆلیسەوە بکەن. لەکۆمەڵی میسریدا بنکەی پۆلیس بەیەکێك لەو جێگایانە دادەنرێت کەحەرامە خانمان تەنانەت نزیکیشی بکەونەوە، لەبەرئەوەی لەوانەیە گومان لەچوونی ژنان بۆ بنکەی پۆلیس بکەوێتەوە، بۆیە زۆر لەژنان لەبەشداریکردنی سیاسی بێبەش دەبن، لەترسی رۆیشتن بۆ بنکەی پۆلیس.

**8 – گوشاری کۆمەلایەتی:**

پیاوان دووچاری گوشاری کۆمەلایەتی زۆر دەبنەوە کەهانیان دەدات بەشداری سیاسییان هەبێت وەکو: کاریگەری هاوڕێ، دوپاتکردنەوەی پیاوێتی، دابو نەریت...تد.

بەڵام ژنان هیچ گوشارێکی کۆمەڵایەتییان نییە پاڵیان پێوەبنێت بەشداری سیاسییان هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە گوشاری کۆمەڵایەتییان لەسەرە کەدووریان دەخاتەوە لەو جۆرە بەشداریکرنە، ئەو گوشارانەش لەکاریگەری باوكو مێردو دابو نەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکاندا، خۆی دەبینێتەوە.

**9 – بەباشتر زانینی هەندێك كار بۆ ژنان:**

چەند ئیش‌و کارێك هەیە هەر دەبێت ژنان بیکەن، هەرچەندە بگەنە پلەو پایەو پۆستی گرنگیش، یان ئاستێکی بەرزی خوێندن، ئەو ئیش‌و کارانە سەرەکین لەژیانیدا، وەکو گرنگیدان بەکارو باری مێردو ماڵ‌و منداڵ. بۆیە ئەگەر هاتوو ژنان توانییان هەموو ئەو ئەرکە سەرەکییانە ئەنجامبدەن، ئەوجا دەتوانن دەست بکەن بەبیرکردنەوە لەکارێکی تر، بۆیە بەشداریکردنی سیاسی لەژیانی رۆژانەی ژناندا بەکارێکی لاوەکی دادەنرێت نەك كارێکی سەرەکی.

**10 – ئاین‌و بەشداری سیاسی ژنان:**

پێشتر رونمانکردەوە کەئاینی ئیسلام رێگر نییە لەبەردەم بەشداریکردنی ژنان لەئیش‌و کاری سیاسیدا، بەڵکو لەچەند شوێن‌و جێگەدا باس لەبەشداریکردنی سیاسی ژنان دەکات لەرۆژانی پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەخەڵکی





باوەڕیان وایە بەشداریکردنی سیاسی ژنان حەرامە، دەرئەنجامی توێژینەوەیەکیش، بوونی ئەم بیروباوەڕە دووپات دەکاتەوە.

**11 – تێکەڵبوونی ژن‌و پیاو:**

بەها کۆمەڵایەتی‌و داب‌و نەریتەکان ژنان لەپیاوان بەدووردەگرن، لەسەر ئەم بنەمایە تێکەڵبوونی ژن‌و پیاو لەکۆمەڵدا پەسەند نییە، ژنان هەوڵدەدەن دووربکەونەوە لەپیاوان، لەئەنجامدا لەپەراوێزی کۆمەڵێکی کلاسیکی باوك سالاریدا دەژین.

**12 – ملکەچی ژن بۆ پیاو:**

ئەگەرچی خوێندەواری لەنێوان کچانی میسردا بڵاوبوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ژنان لەژێر رکێفی پیاواندا دەژین، ئیتر ئەم پیاوە مێرد یان باوك یان برا بێت، بۆیە ژنان لەسەر بەگوێکردن‌و ملکەچکردن بۆ فرمان‌و ویستەکانی پیاوان راهاتوون، لەئەنجامدا لەلایەن پیاوەوە گوشارێکی زۆر دەخرێتە سەر ژن بۆ ئەوەی نەیەڵێ بەشداری لەسیاسەتدا بکات. ئەمەو پاش گفتوگۆیەکی توند لەنێوانیاندا، بەناچاری ملکەچ دەبێت بۆ فرمانەکانی پیاو.

**13 – فرەیی رۆڵەکانی ژن:**

ژنان لەیەك کاتدا چەند رۆڵێك دەبینن، لەوانە دایکە، ژنە، کچە، کارکەرە لەماڵدا... تد. هەریەك لەو رۆڵانە ماف‌و ئەرکێکی خۆیان هەیە لەوانەیە لەگەڵ یەکتردا یەکنەگرنەوەو دژیەك بن.

لەکۆتایدا لەوانەیە ژنان نەتوانن بەباشی هەموو ئەم رۆڵانە ببینن. لەسەر ئەم بنەمایە، هێنانەکایەی رۆڵێکی نویێ (رۆڵی سیاسی) لەژیانی رۆژانەیدا، پێشوازی لێناکرێت (فرەیی ئەو رۆڵانەی ژنان لەخێزاندا دەیبینن، بەگرنگترین رێگر دادەنرێن کەژنان بەدەستیەوە دەناڵێننو کاردەکەنە سەر بەئەنجام گەیاندنی ئیشو کارەکانیان، چونکە پیشەو کارەکانیان زۆرو جۆراوجۆرن).

لەهەموو ئەوانەی کەباسکران، بۆمان روونده‌بێتەوە، کەوا ژنان بەسروشتی خۆیان نییە لەسیاسەت رادەکەنو بەشداری تێدا ناکەن، بەڵکو چەند گیروگرفتو بەربەستێك هەن وەکو دابو نەریتو سیستمی کۆمەڵایەتی کەوا لەژنان دەکەن بەشداری لەکاروباری سیاسیدا نەکەن. بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە ئەگەر ژنان ئەو بەربەستانە ببەزێنن، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەکاروباری سیاسیدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، مێژووش پڕە لەنموونەی لەو جۆرە.

لەئاستی ئەو مەسەلانەشدا، بێگومان ژنان دەستەوەستان نەوەستان، بەڵکو چەندین بزوتنەوەی نوێی ئازادیخوازی ژنان دامەزراون، کەهەوڵدەدەن تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژنان بگۆڕنو چەند دروشمو ئامانجێکیان راگەیاند، لەیەکسانی نێوان هەردوو رەگەزەکە لەهەندێ لایەنی ژیانو بڕیاردان لەسەر دادوەری





لەمامەڵەکردن لەگەڵیاندا – ئەم بزوتنەوانە لەسەر ئەو بروایەن کەدەتوانرێ دابو نەریتە باوو بۆماوەییەکان بگۆڕدرێنو بگەنە جۆرێك لەنزیکبوونەوەو بەیەکگەیشتنی هەردوو رەگەزەکە.

**ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی بەشداری سیاسی ژنان**

چەند هۆکارێکی یارمەتیدەر هەیە بۆ بەشداریکردنی سیاسی ژنان:

1 – بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەنێوان کچاندا لەسەرجەم قۆناغەکاندا، چونکە خوێندنو فێربوون یارمەتی ژنان دەدات بۆ تێگەیشتن لەژیان بەوێنەیەکی رونترو باشتر، هەروەها یارمەتییان دەدات بۆ زانینو بەئاگابوون لەو مافانەی هەیانەو ئەو ئەرکانەی لەسەریانە.

2 – گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گشتگیر لەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا، چونکە دیاردەی بەشداریکردنی سیاسی پەیوەستە بەسەرجەم دیاردەکانی کۆمەڵەوە.

3 – گۆڕینی هەندێك بیروبۆچوونو ئاراستەی تاکەکانو چاککردنی تێڕوانینیان بۆ ژنان.

4 – سەیرکردنی ژن وەك ئەوەی ئەندامێکە لەکۆمەڵ نەك وەك ئەوەی (ژن)ە.

................................................................. و: جاسم محەمەد ............

5 – دامەزراندنی چەند نووسینگەیەك بۆ دەرهێنانی كارتی هەڵبژاردن لەدەرەوەی بنكەكانی پۆلیس. وەك ئەوەی بنكەی پۆلیسی ژنان بۆ ئەو مەبەستە لەبنكەی پۆلیسی پیاوان جیاواز بێت.

6 –دەستەبەركردنی ئازادی تەواو بۆ ژنان، چونكە تاوەكو ئێستا لەژێر ركێفی پیاودان.

7 –یەكسانی ژنو پیاو لەبوارو پیشە جۆراوجۆرەكاندا.

8 –پێشكەشكردنی ئاسانكاری جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی ژنان بەشداری لەكاروباری سیاسیدا بكەن.

9 –هۆشیار كردنەوەی پیاوانو ژنان وەكو یەك، لەگرنگیو بایەخی ئەو رۆڵانەی ژنان لەبەشداریكردنی سیاسیدا دەیبینن.

10 –هەوڵدان بۆ رونكردنەوەی رای ئایین لەمەسەلەی بەشداریكردنی سیاسی ژنان، بۆ ئەوەی تێكەڵییەك لەتێگەیشتنی راستییەكان روونەدات.

11 – گۆڕینی ئەو واقعەی ژنان تێیدا دەژین، بەشێوەیەك كە لەگەڵ پێشكەوتنو شارستانیەتی باوی نێو كۆمەڵدا بگونجێ.





12 –ئیشكردن بۆ دروستكرنی رای گشتی دەربارەی بایەخو رۆڵی ژنان لەبوارە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵدا، لەوانەش بواری سیاسی.

13 – گۆڕینی هەندێ دابو نەریتی كۆن، كە لەگەڵ ئێستادا ناگونجێ،دابو نەریتی تر جێگەیان بگرێتەوە.

14 – پێویستە لەسەر دامو دەزگاكانی پەروەردەی كۆمەڵایەتی رۆڵە جۆراوجۆرەكانی ژنان روون بكەنەوە، تاوەكو چوارچێوەیەكی گشتی بۆ مافو ئەركی هەر رۆڵێك هەبێت.

15 – زاڵبوون بەسەر ئەو دابو نەریتە كۆنانەی كەبەربەستن لەبەردەم پێشكەوتنو بەشارستانی بووندا.

16 – بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری لەنێوان ژنان لەكۆمەڵدا، بۆ یارمەتیدانیان لەسەر زانینی راستی مەسەلەكانو، فراوانكردنی بیرو هۆشیان، دەبێ ئەوەش بزانین كەرۆشنبیری بەتەواوی جیاوازە لەخوێندەواری.

17 –یارمەتی پیاوو پشتگیریكردنی بۆ ژنان، تاوەكو بتوانن ئەو رێگرییانە ببەزێنن كە لەبەشداریكردنی سیاسیدا دێنە رێیانو، بتوانن بەسەریدا زاڵ بن.

## کۆبەند

لەم راڤەکردنەوەیەی بەشداریکردنی سیاسی ژنانەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کەبەشداریکردنی سیاسی تەنها بەشێکە لەبەشەکانی بەشداریکردن، کەژنان لەبوارەکانی دیکەی ژیاندا ئەنجامی دەدەن، بەهاو دابو نەریتەکانو سیستمی کۆمەڵایەتی، هەموویان لەو هۆکارانەن کەژنان لەبەشداریکردن لەسیاسەتدا بێبەشدەکەن...، چونکە ئازادی ژنو پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکانی، مەسەلەیەکە بارودۆخو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کەکۆمەڵ بەڕێوە دەبەن، بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەم چەمكو تێگەیشتنە کارێکی وا دەکات، کەئازادی ژنان مەسەلەیەکی تایبەت نەبێت تەنها بەخودی ژنانەوە، بەگوێرەی ئەوەی کەتایبەتە بەهەموو کۆمەڵەوە، ژنیش تەنها بەشێکە لەکۆمەڵ، بۆیە پێویستە ئازادی کۆمەڵ بەگشتی لەهەموو جۆرەکانی داپلۆسینو کۆتو بەند ببەسترێتەوە بەشۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە.





بەشداریکردنی سیاسی ژنان بەیەکێك لەپێوەرە شارستانییە هاوچەرخەکان دادەنرێت کە لەزۆربەی کۆمەڵەکاندا، چونکە ئەم دیاردەیە (بەشداری سیاسی) پڕاوپڕ دیاردەیەکی شارستانی هاوچەرخە.

خەباتی ژنان بەدەستهێنانی ئازادییەکانیان تاوەکو ئێستا کۆتایی پێنەهاتووە، چونکە ئازادی ژنان لەبواری سیاسەتدا بەشێوەیەکی گشتی بەندە بەئازادییەکانی دیکەوە، تاوەکو ئێستاش ژنان (بەتەواوی)و لەهیچ کۆمەڵێکدا هەموو مافەکانیان بەدەست نەهێناوە.

ئەگەرچی کۆمەڵ دان بەمافە کلاسیکییەکانی ژناندا دەنێت، بەڵام دان بەرۆڵی سیاسییاندا نانێت، ئەگەر کۆمەڵ هەست بەگرنگی ئەم رۆڵانەی ژنان دەکات، ئەی بۆچی تواناکانی بۆ تێگەیشتنی لایەنە سیاسییەکانو هاوبەشیکردنی تێیدا رەتدەکاتەوە ..؟ ئەو کەسەی توانای دروستکردنی مرۆڤی هەبێت، توانای تێگەیشتنی ئەو رەوشو بارودۆخو کێشانەی هەیە کەئەم مرۆڤە ی تێدا دەژی.

لەم بوارەدا تەنها ئەوەمان پێدەکرێ کەدەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی بیرمەندان کەدەڵێن ((باشترین کۆمەڵ ئەوەیە

**کەژنان تێیدا شانبەشانی پیاوان کار دەکەن، لەپێناو ئەوەی**

**نیوەی کۆمەڵ دووچاری ئیفلیجی نەبێت)).**